# زمانی ڕاگەیاندن لە نێوان گەشەی زمان و ناسنامەی نەتەوەییدا(کەناڵە ئاسمانییەکان بەنموونە)

م. ئازاد عەزیز سلێمان[1] پ.د.یوسف شەریف سەعید[2]

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، هەولێر، کوردستان ، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە پوختەی هەڵێنجراوی بەشێکە لە تێزی دکتۆرا بە ناونیشانی (سیاسەت و پلانی زمان لە ڕاگەیاندندا (کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە)، لەم توێژیەوەیەدا تیشکۆمان خستۆتە سەر گیروگرفتەکانی بەکارهێنانی زمان لە کەناڵە ئاسمانییەکان، چونکە زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە لە ئێستادا زمانی راگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت و، کەناڵە ئاسمانییەکانش بە یەکێک لە کەناڵە هەرە سەرەکی و کاریگەرەکانی راگەیاندن دادەنرێن، و بوارێکی هەستیارە لەبەرجەستەکردنی کەتواری زمان، هەرچەندە کەناڵی ئاسمانی دیوێکی ئەرێنی هەیە، کە ئامرازێکی گرنگە بۆ بڵاوکردنەوەی زمان لە هەموو جیهاندا، هەروەها لە ڕووی هاوچەرخکردنی فەرهەنگی زمان و پاراستنی یەکگرتووی زمان و ڕێنووس و مانەوەی زمان، بەڵام دیوێکی نەرێنی دەبێت، ئەگەر لە بەکارهێنانی زمان خاوەن پلانی زمانی دروست نەبن. ئێمە گریمانە دەکەین، زمانی کوردی لە بەکارهێنانیدا لە کەناڵە ئاسمانییەکان، ڕوو بەڕووی چەندین گرفت بوێتەوە، بەتایبەتیش بەهۆی نەبوونی ڕێکەوتنێکی تەواو لەسەر زمانی ستاندارد و ڕێنووسی یەکگرتوو، ئەلفبێکی دیاریکراو، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینەسەر ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی زمانی کوردی بوونەتەوە لەڕێگەی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە، بەو ئامانجەی بتوانین هۆکارەکانی ئەوگرفتانە دەستنیشان بکەین.

کلیلی وشەکان: زمان، ڕاگەیاندن، کەناڵی ئاسمانی، ناسنامە، جیهانگەرایی

## پێشەکی

ناونیشان و بواری توێژینەوە:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە نێوان گەشەی زمان و ناسنامەی نەتەوەییدا -کەناڵە ئاسمانییەکان بەنموونە) یە، بواری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زانستی زمانەوانی کارەکیدایە، لە بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتی.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لە ژیانی هاوچەرخماندا زمان بەهۆی ڕاگەیاندنەوە بە تایبەتی لە کەناڵە ئاسمانییەکان ڕوو بە ڕووی چەندین گرفت بۆتەوە، بەتایبەتی لەبەر نەبوونی سیاسەتی زمانی و پلانێکی زمانی دروست.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە پێی ڕێبازی وەسفی شیکارییە، لە بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتی،کار لەسەر بەکارهێنانی زمان، لە کەناڵە ئاسمانییەکان دەکات.

کێشەی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بدەینەوە، لەوانە: کەتواری بەکارهێنانی زمان لە کەناڵە ئاسمانییەکان چۆنە؟ ئایا کەناڵە ئاسمانییەکان زمان بەرەوگەشەسەندن دەبەن؟ یان بەپێچەوانەوە زمان بەرەو سیستی و لاوازی دەبەن؟ ئەگەر زمانی بەرەو سیستی بردوە، چ کات زمان بەرەو سیستی دەبات؟ ئایا کاریگەری لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی هەبووە؟ ناسنامەی زمانییان لاوازکردووە؟ئایا دیاردەی بەجیهانیبوون چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر زمان؟ ئایا بۆ چ جۆرە زمانێک کاریگەری هەیە؟ ئایا کاریگەرییە

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 2، العدد 1 (2021)
أُستلم البحث في 24 يناير 2021؛ قُبل في 18 آذار 2021
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 28 يونيو 2021
البريد الإلكتروني للمؤلف: yousif.saed@su.edu.krd
حقوق الطبع والنشر © 2021 يوسف ، ئازاد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

نەرێنییەکانی چین؟ ئەی لایەنە ئەرێنییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان لە رووی زمانیەوە چین؟ رۆڵیان لە بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی زمان چۆنە؟ کاریگەرییان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی هەیە؟ ئەگەر هەیە، چۆن؟ کاریگەریەکانی ئەرێنین یان نەرێنین؟

گریمانەی توێژینەوە:

١- گریمانەی ئەوە دەکەین، کە کەناڵە ئاسمانییەکان ئەگەر سیاسەت و پلانی زمانییان نەبێت یان کەمتەرخەمیان هەبێت لەم بوارە کاریگەری نەرێنی بۆ سەر زمانی نەتەوەیی هەیە.

٢- گریمانەی ئەوە دەکەین، کەناڵە ئاسمانییەکان وەک ئامرازێکی بەجیهانیبوون گرفتیان بۆهەندێک لە زمانانی لۆکالی دروستکردبێت.

٣- گریمانەی ئەوە دەکەین، کە زمانی راگەیاندن بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان رۆڵی گرنگیان لە بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی زمانی کوردی هەبێت؟

٤- گریمانەی ئەوە دەکەین، کە کەناڵە ئاسمانییەکان پێویستیان بە دانانی بەرنامەی جۆراوجۆر هەبێت بۆ بەهێزکردنی خۆبەندی(انتما)ی زمانی لای تاکەکان.

١-١ : چەمکی زمان و راگەیاندن

زمان و ڕاگەیاندن لەم سەردەمەدا لێکجیاناکرێنەوە، دوانەیەکی تەواوکەری یەکترن، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕاگەیاندن بەبێ زمان بوونی نییە و زمانیش بەبێ ڕاگەیاندنێکی تۆکمە و هاوچەرخ چەقبەستووە، واتە یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی زمان ، لەگەڵ گەشە و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندندا، گەشە و پێشکەوتنێکی هاوتەریبە. ئەو زمانەی نەتوانێت وەڵامدەرەوەی ویستی داواکارییەکانی قسەپێ کەرانی بێت، لە ئاست ئەو پێشکەوتنەی لە بواری زانست و ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیای سەردەم هەیە، ئەوا بێگومان، لە کاروانی زمانانی زیندو و چالاک دادەبڕێت و چالاکییە زمانییەکانی سنووردار دەبن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سنووری چالاکییە زمانییەکانی بەرتەسک دەبێتەوە و بەرەو سیستی و لاوازی دەڕوات. زمان لەلای کۆزمانەوانان پێناسەکراوە بەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی مرۆڤایەتییە، (هارالد هارتمان، ٢٠٠٦: ٤٣) خاوەن سیستەمێکی گشتییە، لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگە پەیڕەودەکرێت و پایەیەکی سەرەکیی بنیاتنانی کۆمەڵگەیە، بەهێزترین هۆی بەیەکەوە بەستنەوەی ئەندامانی کۆمەڵە، واتە زمان و کۆمەڵ پەیوەندیەکی پتەو بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، بەجۆرێک مرۆڤ هەر جموجۆڵێک لە کۆمەڵگەدا ئەنجام بدات، زمان تێیدا بەکاردەهێنێت.(هادی نهر لعیبي، ١٩٨٨: ١٣) بەمەش زمان ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێت. هەروەها هەموو ئەمانەش، کارلێکی نێوان زمان و کۆمەڵ دەردەخەن و، هاوکات کۆمەڵایەتی بوونی دیاردەی زمانییش دەردەخەن، مەبەستمان لە کارلێک، کاریگەریی ئاڵوگۆڕی نێوان زمان و کۆمەڵە، ئەمەش دیاردەیەکی هەستپێکراوە، چونکە مرۆڤ بە زمان، ئەرکە سەرەکییەکانی لە کردەی پەیوەندیکردندا دابینەکات، بە جۆرێک ڕوماڵی گشت دیاردە و چەمکە دەرجەستە و بەرجەستەکانی دەوروبەری دەکات، هیچ دیاردە و چەمکێك لە دەرەوەی زماندا نییە، کە هێمای زمانی بۆ دانەنرابێت، لەلایەکی دیکەشەوە هیچ دیاردە و هەست و بیر و چەمکێک نییە، کە مرۆڤ نەتوانێت بە زمان دەریانبڕێت و باسیان بکات و بیانگەێنێت بە کۆمەڵ و دەوروبەری، تەنانەت مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت لە کۆمەڵدا گەشەبکات و بژێنێتەوە.(محمَّد معروف فتاح، ٢٠١٠: ١٣٧) ئەمەش دەریدەخات کە زمان دیاردەیەکی مرۆڤایەتیشە، چونکە تەنیا مرۆڤ دەتوانێت چالاکی عەقلی لە هێما زمانییەکان دابڕێژێت.

هەروەها هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی لە هەر بوار و ئاستێکدا بە واتای گۆڕانی شێوازەکانی ژیان و گروپە کۆمەڵایەتیەکان، و کار دەکەنە سەر زمان و زمانیش کاریان تێدەکات.(محمَّد مەحوی، ٢٠٠١: ٩٠) واتە زمان و کۆمەڵ هەردووکیان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە، هەر گۆڕانێک لە کۆمەڵگەدا ڕوودبدات، کاریگەری لەسەر زمان دەبێت، زمانیش لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێت، بەپێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەمەش سروشتی هەموو زمانێکی زیندووە، تەنیا زمانە مردووەکان ناگۆڕێن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕاندایە، بەهۆی ئەو داهێنانەی کە مرۆڤ بەدەستیان دەهێنێت، بێگومان ئەو داهێنانانەش پێویستیان بە ناوێک هەیە، بەم جۆرە دەبینین، لەماوەی ساڵێکدا چەندین وشە دێنە ناو زمان کە پێشتر نەبوونە، وەک (گۆگڵ، ئایفۆن، تاگ، بلۆک، ئیمیل، سناپ، فیسبووک، تویتەر،...هتد) زۆربەی ئەم وشانە لەگەڵ ئینتەرنێت لەم سەردەمەدا بەکاردێن، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی(١٩٩٠) ئەوا هیچ یەکێک لەم وشانە بەدی ناکرێن. ( David Crystal, 2010: 131) هەروەها هەرچەندە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازەکانی پێشکەوتووتر و بەهێز تر و جۆراوجۆرترین، گۆڕانکاریەکان فراوانتر و خێراتر دەبن. هەر بۆیەش زمانەوان"فردیناند دی سۆسێر" پێیوایە، پێویستە لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لە زمان بکرێت.(نایف خرما، ١٩٧٨: ١٠٧) هەروەها "هالیدەی" یش یەکێکە لەو زمانەوانانەی کە ڕێبەرایەتی ڕێبازی ئەرکی دەکات، بەهەمان شێوە، پێیوایە کە ڕەگی زمان درێژ دەبێتەوە بۆ ناو بنیادی کۆمەڵایەتی و بەهیچ شێوەیەک لە کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دانابڕێت.(شلێر ڕەسول محەمەد و ساجیدە عبداللە فەرهادی، ٢٠٠٨: ١٥) هەموو ئەمانەش، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کەوا زمان و کۆمەڵیش دووانەیەکی تەواوکەری یەکترن، نە زمان بەبێ کۆمەڵ دەبێت و نە کۆمەڵیش بەبێ زمان دەبێت.

زمان دیاردەیەکی فرە ڕەهەندە، تەنیا کۆزمانەوانان پێناسەیان بۆ نەکردووە، بەڵکو لەلایەن زۆر لە فەیلەسوفان و زانایانی بوارەکانی تریش زۆر لەپێش کۆزمانەوانان پێناسەی جۆراوجۆریان لە بوار و ڕەهەندی جۆراوجۆر بۆ کردووە، چونکە زمان لە هەموو زانستەکان و بوارەکانی ژیان بەکاردەهێنرێت، بۆیە هەر یەک لەو بوارە زانستیانە بەپێی تێروانین و بۆچوونی خۆیان پێناسەیان بۆ کردووە.

زمان لە ڕابردوودا ئەگەر تەنیا بریتی بوبێت لە کۆمەڵە دەنگێکی بەیەکەوە گرێدراوی مانادار، یاخود بریتی بووبێت لە ئامرازی گەیاندنی بیر و مەبەست، یان وەك لای "ئەرستۆ" بریتی بووبێت لە سیستەمێکی دەنگی دیاریکراو، ئامانج تێیدا گرێدانی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە بووبێت.(عبدالعزیز شرف، ١٩٨٣: ٣٩) و ئەگەر لەلای 'ئیبن جینی'یش بەوە پێناسەکرابێت، کە بریتییە لە ((کۆمەڵە دەنگێک، بەهۆیەوە هەر کۆمەڵ و نەتەوەیەک گوزارشت لە بیرو مەبەستەکانیان دەکەن)) (ابن الجنی، ٢٠٠٠: ١٥) ئەوا زمان ئێمڕۆ زیاتر لەو

پێناسانە و، بگرە ڕەهەندی دیکەی وەرگرتووە. هەر وەك، مارتن هایدگەر(Martin Heidegger) دەڵێت: (زمان گرنگ بەکارهێنانییەتی نەك ماناکەی) کەواتە بەپێی تێڕوانینی نوێ، بۆ تێگەیشتنمان لە زمان، بەتەنیا فەرهەنگ بە فریامان ناکەوێت، ماناگەلێك، ئامانجگەلێك لە دەرەوەی فەرهەنگ هەیە، کە هەم زمان پێناسە دەکات، هەم ئەرکەکانی. واتە دەکرێ بڵێین زمان، جیا لەو ڕەهەندە فەرهەنگییەی کە هەندێ سەرچاوە ناویان ناوە ڕەهەندی ماددی(سالار عثمان،٢٠١٣: ١)کە مەبەستیان ڕەهەندی زمانەوانییە، کە زمان وەک تەنێکی بێلایەن و کەرەسەیەکی خاو سەیر دەکات، زمانەوانانیش بە شێوەیەکی بابەتیانە ڕووی بایەخیان لەسەر ئەرکە ڕێزمانییەکانە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا، کە گەشە و گۆڕانی سروشتی خۆی هەیە، لەم ڕەهەندە زمان نەشیرینە و نە پیرۆزە و نە پێویستی بە خزمەتکردن هەیە، چونکە زمان لەم ڕوانگەیەوە تەنیا هۆیەکی پەیوەندیی و لە یەکتر گەیشتنە، بەڵام ڕەهەندی دووەم کە زمان لە ڕوانگەی هەستی نەتەوەیی سەیر دەکات، کە ڕەهەندی دەرجەستەیی(مەعنەوی)یە، ئەوا زمان دەبێتە ناسنامەی نەتەوە و بە بەشێک لە ئاسایشی نەتەوە دادەنرێت، بەمەش پیرۆزی و شیرینی و خۆشەویستی زمان دەگاتە ڕادەیەک کە تاکەکانی نەتەوە ئامادەن خۆیان لە پێناویدا بکەنە قوربانی و، شۆڕش لە پێناوی بەکارهێنانیدا بکەن، (قیس کاکل تۆفیق، ٢٠٠٧: ٧) لەوەش زیاتر، زمان لێرەدا بناغەی شارستانیەتە، هەر لە منداڵییەوە هزر و نەریتگەلێک کە کۆی کەلتوورەکانی تایبەت بە کۆمەڵگە، لە ئاوەزەی تاکەکانی نەتەوەدا دەچێنێت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەسەری پەروەردە دەکرێن(السيد خضر، ٢٠٠٣: ٧). بەمەش زمان دیارەیەکی کەلتووریشە، چونکە هەموو توخمەکانی کەلتووری ماددی و کەلتووری گیانی بە زمانی هاوبەشی نەتەوەکە لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادەدەکرێت(ڕەشاد میران، ٢٠١٨: ٣٦٣) واتە(زمان) لە ڕووانگەی ڕەهەندی دووەم، سەرەڕای ئەوەی بە ئامرازی سەرەکی پەیوەندی و گەیاندنی هزر و مەبەستەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ دادەنرێت، هاوکات زمان بنەمای سەرەکی ناسنامە و نیشانەی بوونی نەتەوەش دەسەلمێنێت. (جون جوزيف، ٢٠٠٧: ٢٥٣) لەبەرئەوەی چەمکی زمان جگە لەوەی ئامرازی سەرەکی گواستنەوە و گەیاندنی بیر و مەبەستەکانی تاکە لە ڕێگەی کۆمەڵە دەنگێکەوە، لەلایەکی تریش هەر یەک لەو دەنگانە هەڵگری ناسنامەی تاک و کۆمەڵن و، هۆکارێکی بەهێز و ڕەگەزێکی گرنگی بنیاتنانی ڕای گشتییە (عبدالعزيز شرف، ١٩٨٣: ١٠) چونکە، هەر زمانە وادەکات مرۆڤ بیری بوروژێنرێت و سەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بابەتەکان ببنە خاوەن بەهایەکی بەرز یا نزم، کە ئەمەش وا دەکات کاریگەری لەسەر وەرگرانی پەیاموەرگر دروست بکات و ڕای گشتی بگۆڕێت.

کەواتە، دەتوانین بڵێین، زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵ نییە، بەڵکو بوون و ناسنامەی نەتەوەیە و، وابەستەی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە و، گرنگیترین سامانی کەلتووری هەر نەتەوەییکیشە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی زاراوەکە (ڕاگەیاندن) لە عەرەبیدا بەرانبەر وشەی(الاعلام)و، لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەر وشەی (Media) دێت، بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینی (Communs) کە بەمانای بڵاو وباو، یان هاوبەش و گشتگیری دەهات،(عبدالواحد مشير دزەيی، ٢٠١٤: ٤٥) ڕاگەیاندنیش بنچینەی هێنانەدیی گشتگیری و هاوبەشییە، ئەمەش نایەتەدی، ئەگەر لایەنی کەم، جۆرە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش و چۆنیەك لە واتای پەیامی پەیوەندیکردنەکەی نێوان پەیامدەر و وەرگر دروست نەبێت، تێگەیەشتنێکی بونیاتنراو لەسەر گۆڕینەوەی زانیاری و شارەزایی و کارامەیی لە نێوان هەردوو لایەنی پرۆسەی ڕاگەیاندندا نەهێتەدی، هەروەها لەڕووی زمانەوانیشەوە لە زمانی کوردیدا وشەی (ڕاگەیاندن) لە دوو بەش پێکدێت، ئەویش مۆڕفیمی بەندی(ڕا) و چاوگی (گەیاندن) کە بە مانای (گەیاندنی ڕا و بۆچوون) دێت، بە یەکەوەش واتای پێڕاگەیاندنی زانیاری یان هەواڵ دەگەیەن، لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، بەپێی ئەمە ڕاگەیاندن لە ڕووی زمانەوانییەوە، وەکو زاراوەیەکی جیهانی مانای (پێڕاگەیاندنی زانیارییەکان دەگەیەنێت). (هەڤاڵ ئەبوبەکر، ١٩٩٦: ٤) ڕاگەیاندن، جگە لەوەی کە خۆی وەک دەسەڵاتی چوارەم لە پاش سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دادەنێت، هەروەها کاریگەری گەورە لە کومەڵگاکاندا دروست دەکات، لەبەرئەوەی ڕاگەیاندنیش هاوشێوەی زمان بەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی،( 39, 1978Halliday, (بگرە دەزگایەکی بنیادیی سیستەمی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگەدا، (ڕەشاد میران، ٢٠١٨: ٣٧٥) بەتایبەتی لە ژیان ئێستادا بەبێ ڕاگەیاندن ژیان بەڕێوەناچێت. ئەرکی کۆمەڵایەتیبوون یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی، کەواتە(ڕاگەیاندن)یش بە هەمان شێوەی یەکەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی، دەشێ ناوەندێک بێت بۆ بە کۆمەڵایەتیبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە و، لە ڕێگەیەوە زمان و کەلتوور بە تاکەکانی کۆمەڵگە بناسێنیت و فێریان بکات. (ڕێباز عزيز مُحَمَّدامين، ٢٠١٧: ٢٤) زۆرجار ڕاگەیاندن دەچێتە بونیادی لایەنەکانی ترەوە و بە ئەرێنی یان نەرێنی کاریان تێ دەکات، هەر لەبەرئەمەشە گرینگییەکی زۆری پێ دەدرێت، ئەمەش لە ئەنجامی بەرەوپێش چوونی هۆکارەکانی و جۆراوجۆربوونی شێوازەکانی، هەروەها بەهۆی گەشەکردنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئابووری و سیاسی و تەکنەلۆژی و بازرگانی و هزری و زانستییەوە و، سەرهەڵدانی دیاردەی جیهانگەرایی و شۆڕشی زانستی و تەکنەلۆژی لەلایەکی تر (محەمەد ساڵح پێندرۆیی، ٢٠١٠: ١٥٩-١٦٠) ، چونکە هەر پێشکەوتنێک لە بواری تەکنەلۆژیادا ڕوودات، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆر بەخێرایی کەلکی لێوەردەگرن. بەمەش ڕاگەیاندن بەرپرسیاریەتییەکی زۆر گەورە و دووسەرەی دەکەوێتە سەرشان، بەو پێیەی کاریگەرترین هۆکارە لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگەدا، هەر بۆیە پێویستە ڕوونی و ڕاشکاوییەکی زۆر لە ڕاگەیاندن و گواستنەوەی زانیاریەکاندا هەبێت، بەجۆرێك تاك بە ئاسانی لە پرسەکان بگات و هیچ نادیارییەك لە بابەتەکاندا نەهێلێتەوە. هەروەها پێویستە ڕاگەیاندن برەو بەو لایەنانە بدات کە تاکەکانی کۆمەڵگە گرنگی و بایەخی پێدەدەن، پێویستیشە پشتگیری بۆچوونی گشتی بکەن و پاڵپشتی هەڵوێستەکان بکەن. یەکێکی تر لەو کارانەی پێویستە ڕاگەیاندن ڕۆڵی تێیدا هەبێت، هاندانی تاکەکانە لەسەر پێشکەوتن و بەدواداچوون، بەجۆرێك کاریگەی لەسەر بۆچوونەکانیان دروست بکات و بەرەو ڕێگەی باشتر و بۆچوونی پەسەند و دروست ئاڕاستەیان بکات، پێویستە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دروست بکات، هەندێکجاریش ڕاگەیاندن بە چەکێکی دووسەرە گوزارشت دەکرێت، کە یەکەمیان ئەرێنییە، لە خزمەتی گەشەپێدانی زمان و بڵاوکردنەوەی زمان و گشتاندنی زمانە بۆ خوێندەوار و نەخوێندەوار، هی دووەمیشان نەرێنییە، بە هۆی هاندانی پەخشکردن بە زار و شێوەزاری ناوچەیی، هەندێکجار ڕێگەیەک بووە، بۆ بڵاوکردنەوەی هەڵەی زمان

و جێگیرکردنی لە هزر و ئاخاوتنی ڕۆژانەدا،(فادیة الملیح حلوانی، ٢٠١٥: ١٢) هەروەها ڕێگەیەک بووە، بۆ بڵاوکردنەوەی وشە و زاراوەی بیانی، جگە لەمەش، سەرهەڵدانی مللمانێی شارستانیەت و کەلتوورەکان لە نێو کۆمەڵگەکاندا مەترسی دووەمی بۆ هەندێک لە زمانەکان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە زیاترکردوە.

زیاتر لەوەش، تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن دەسەڵاتێکی گەورە و فراوانی بەخشییە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، (ئەرشەد خلیل شوانی، ٢٠١٤: ٧) و بە هۆکارە پێشکەوتووەکانییەوە بە بەهێزترین هۆکاری پەیوەندیکردنی هاوچەرخ لە قەڵەم دەدرێت و ڕۆڵێکی گەورە لە بەدەستهێنانی شارستانییەت و ڕۆشنبیریدا دەگێڕێت، ڕاگەیاندن ئەو دەسەڵاتەیە، کە ڕۆژ بە ڕۆژ باڵادەستی زیاتر دەبێت و خۆی دەگەیەنێتە هەموو لایەکی ئەم جیهانە فراوانە و ئامرازێکی سەرەکیی بەدیهێنانی سیستەمی بە جیهانیکردنە، ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان لە ژێر تیشکی ئەو ئەرکانەی کە ڕاگەیاندن جێبەجێیان دەکات، هەوڵی دیاریکردنی پێناسەی دەستەواژەیی بۆ چەمکی ڕاگەیاندن لە زۆرێك لە کتێبەکانی ئەم سەردەمەدا بە شێوەی جیا جیا کراوە، ئەم دیاریکردنە بە گوێرەی ئەم ئایدۆلۆژیایەی بیرۆکەکەی لێ هەڵقوڵاوە، بۆ چوونی جیا جیای لێ کەوتۆتەوە، لەوانە:

((ڕاگەیاندن، بریتییە لە پێشکەشکردنی هەواڵی ڕاست و زانیاریی دروست و ڕاستی نەگۆڕ بە خەڵک، کە یارمەتییان دەدات بۆ پێکهێنانی بیر و ڕایەکی ڕاست و تەواو دەربارەی ڕووداوێک لە ڕووداوەکان یان گرفتێک لە گرفتەکان، بە شێوەیەک کە ئەو بیروڕایە گوزارشتێکی بابەتی بێت لە بیرکردنەوە و ئاکاری جەماوەر)). (ئازاد ڕەمەزان عەلی، ٢٠١٤: ٦٧)

((ڕاگەیاندن پرۆسەی گۆڕینەوەی بیروباوەڕ و زانیارییە لەپێناوی دۆزینەوەی لێکگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان توخمەکانی مرۆڤایەتیدا)).(ئەرشەدخلیل شوانی، ٢٠١٤: ١٧)

((ڕاگەیاندن ئەو ئامرازەیە کە لەیەکتێگەیشتن لە نێوان کۆمەڵگەکاندا مسۆگەر دەکات، ئەمەیش بە سروشتی خۆی، کۆمەڵگەیێکی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەکانی تر جیا دەکاتەوە)). (حەبیب کەرکوکی، ٢٠٠٨: ٦)

کەواتە، دەکرێت بڵێین، ڕاگەیاندن پرۆسەیەکە، کە تیایدا نێرەری پەیام، ئاگادارکەرەوەیەك، هەواڵێک یان زانیاریەک، کە بە هێمای زمانی یاخود ئاماژە، بە زمانێکی هاوبەش، بۆ هاوزمانانی دەنێرێت، بەمەبەستی گۆڕین و هەموارکردنی ئاراستەی بیرکردنەوە و ڕەفتاری وەرگرانی پەیام بۆ گەیشتن بە کۆمەڵە ئامانجێکی پلان بۆ داڕێژراو.

بە پشت بەستن بە ڕوونکردنەوەی هەر دوو چەمکی زمان و ڕاگەیاندن و بەهۆی ئەوەی ئەو سەردەمە بە سەردەمی ڕاگەیاندن ناودەنرێت، پێویستە تێڕوانینێکی تازەمان بۆ زمان هەبێت، هەروەها بۆ ڕاگەیاندنیش بە هەمان شێوە، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لە ژیانی مرۆڤایەتی هاتۆتە ئارا و بەهۆی ئەو کارلێکە کاریگەرەی ڕاگەیاندن لە ژیان و ڕەفتاری خەڵکیدا دەیبینێت. لە ئێستادا هەر دوو بوارەکە بەیەکەوە جێگای بایەخی توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی، زمانەوانی و ڕاگەیاندنن، چونکە هەرسێ بوارە زانستیەکە تەواوکەری یەکترین، بەجۆرێک ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە زمان دەبەستێت بۆ هۆکارە جۆراوجۆرەکانی، هەروەها زمانیش بۆ بڵاوکردنەوە و گەشەسەندنی پشت بە ئامرازە هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت، هەروەها هەردوو بوارە زانستیەکەش، زمان و ڕاگەیاندن، وابەستەی ژینگەی کۆمەڵایەتین، بۆیە بە گرنگیدان بەم بوارە زانستیانەش، پێکهاتەی خاوەن زمان گوێیستی گوزارشتی وەکو، توانەوەی زمان، مردنی زمان، لاوازبوونی زمان نابێت.

١-١-٢: تایبەتمەندییەکانی زمان

زمان وەک یەکێک لە توخمە سەرەکیەکانی کەلتوور چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، بە کورتی هەندێک لەو تایبەتمەندیانە دەخەینە ڕوو:

١- زمان داهێنانە، واتە بە ڕێگای بۆماوەیی ناگوازرێتەوە، بەڵکو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و بەهۆی وەرگرتنی منداڵ لە دایک وباوک و خێزان و کۆمەڵگە و قوتابخانە فێری دەبێت.

٢- زمان دەگوازرێتەوە، زمان کەلەپورێکی کۆمەڵایەتییە کە بەهۆی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە.

٣- زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، نەک تاکەکەسی، واتە زمان لە ئەنجامی پێکەوەژیان و کاری بە کۆمەڵ دروست دەبێت. کەواتە زمان لە ئەنجامی کارلێککردن و گەیاندن و تێگەیشتنی هاوبەش، وەک هێمای هاوبەش ڕۆڵی کاریگەری هەیە.

٤- زمان مرۆڤایەتییە، وەک دیاردەیەکی مرۆڤایەتی بەرهەمێکی عەقلییە و تەنیا پەیوەستە بە مرۆڤەوە، هەروەها تەنیا بەهۆی مرۆڤەوە دەگوازرێتەوە.

٥- بەردەوامی، زمان بە مردنی تاک نامرێت، چونکە موڵکی هاوبەشە و کەلەپوور و میراتی هەموو ئەندامانی کۆمەڵە.

٦- زمان گونجاندنە و ئامرازە بۆ گونجاندن، پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی ناڕوون و گۆڕاوە، گۆڕانی بارودۆخ دەبێتە هۆی گۆڕانی زمان، لێرەدا زمان ئامرازێکە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی دەوروبەر. واتە لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا زمانیش دەگۆڕێت، ئەگەرچی گۆڕانی زمان هەموو کاتێک بە پەلە و هەستپێکراو نابێت، لەبەرئەوەی پرۆسەیەکی مێژوویی و هەمیشەییە، بەردەوامی بە ژیانی کۆمەڵگە دەدات و لە ئەنجامدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی دێنێتە ئاراوە. (ڕەشاد میران، ٢٠١٠: ٦٤)

١- ٢ :جۆرەکانی ڕاگەیاندن

سەبارەت بە جۆرەکانی ڕاگەیاندن بە چەندین شێواز و تێڕوانینی جیاواز جۆرەکانی ڕاگەیاندن پۆلێن کراون، لە خوارەوە دوو پۆلێن دەخەینەڕوو:

١- ٢-١: لەسەر بنەمای چۆنایەتی

ڕاگەیاندن لەڕووی هەمەجۆری کارکردنیان، وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی، بەپێی قۆناغەکانی مێژووی سەرهەڵدانی، ڕووبەڕووی چەندین قۆناغ و گۆڕان و پێشکەوتن بۆتەوە، کە لە ئاکامدا ئەم ڕاگەیاندنەی ئێمڕۆی لێ بەرهەمهاتووە، کە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێن بە چوار جۆر، بەم شێوەیەن:

١- ڕاگەیاندنی نووسراو، وەک: گۆڤار، ڕۆژنامە، بڵاوکراوەی دەوری، پۆستەر و جۆرە جیاوازەکانی تر.

٢- ڕاگەیاندنی بیستراو (کە خۆی لە ڕادیۆ دەبینێتەوە).

٣- ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو، کە خۆی لە (تەلەفیزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان و سینەما دەبینێتەوە) .

٤- ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنیی، وەك: پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان، پێگە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەرنامەی تایبەت بە چات و گفتوگۆ. (حنان اسماعیل احمد عمایرة، ٢٠٠٤: ١١) هەروەها ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانیش سوود لە

ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بۆ پەخشی ڕاستەوخۆی بەرنامەکانیان وەردەگرن.
بەهۆی ئەم جۆراوجۆرییە لە ڕاگەیاندندا، ئەم بوارە توانیویەتی لە کاتی ئێستادا لە ڕێگەی زمانەوە ببێتە گرنگترین هۆکاری پەیوەندی لەگەڵ خەڵک، واتە پەیوەندییەکی پتەو و بەهێز لە نێوان زمان و ڕاگەیاندندا هەیە و بەبێ یەکتر نابن، بەپێی ئەم ڕیزبەندییەی سەرەوەش قۆناغ بە قۆناغ بەگوێرەی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری، ئامراز و جۆرەکانی ڕاگەیاندنیش لە ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیوە و، هەموو ئەو ئامرازانەش داهێنراوی دەست و بیرکردنەوەی مرۆڤن، لە سەرەتاییترینیان تا پێشکەوتووترینیان، ئەوەمان پێدەڵێن، گەشەی ڕاگەیاندن و پێشکەوتنیان، پەیوەستبووە بە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤایەتی و، ئاستی کاریگەریشیان بە گوێرەی سادەیی و پێشکەوتوویی خودی ئامرازەکەیە. (نوری بێخاڵی، ٢٠٠٦: ٦) هەروەها هەموو جۆرەکانی ڕاگەیاندن پشتیان بە زمان بەستووە، بەجۆرێک ڕاگەیاندن بە تایبەتی تەلەفیزیۆن بەبێ زمانێکی ڕەسەن، بەهێز، سادە ڕاستەڕێ نابێت، هەروەها زمانیش بەبێ ڕاگەیاندنێکی پێشکەوتوو ناتوانێت پەیامەکەی خۆی بڵاوبکاتەوە و بیگەیێنێت بە زۆرترین ژمارەی هاوزمانەکانی.(هادي نعمان الهيتي، ٢٠٠٧: ١٢) سەبارەت بەم جۆرە ئامرازانەی ڕاگەیاندن کە ئاماژەمان پێکردووە، زمان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە هەموو جۆرەکانیدا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە زمان بواری بەکارهێنانی بەرفراوان بووە و گۆڕان بەسەر بوارەکانی بەکارهێنانیدا هاتووە و، هەر یەک لە ئامرازەکانیش خاوەن تایبەتمەندی جیاوازن.
زیاترلەمەش، بۆ جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ئەم ئەرکە لەلایەن ڕاگەیاندنەکان، دەسەڵات بۆ بواری ڕاگەیاندن بەگشتی و بۆ کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی بە تایبەتی لە ڕێگەی دارِشتنی یاسای تایبەت ئەم بابەتە ڕێکدەخات ، بەجۆرێک کە سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە دەزگا ئەهلی و حزبی و تایبەتەکانیش پێوەی پابەند دەبن، بۆ نموونە لە یاسای سیاسەتی زمان لە ئیسپانیا کە تایبەتە بە هەرێمی کاتالۆنیا، کە بەشی چوارەمی تەرخانکراوە بۆ هۆیەکانی پەیوەندی، لەماددەی(٢٥) کە تایبەتە بە راگەیاندنی بینراو و بیستراو(ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن)، لە بڕگەکانیدا دەزگاکانی پابەندکردووە بە کۆمەڵێک ڕێکاری زمانەوانی و لە ماددەی (٢٦) هەمان یاسا کە تایبەتە بە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی ئەهلی، ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەم یاسایە لە سەر تەلەفیزیۆنە ئەهلیەکانی کاتالۆنیاش پیادە دەکرێت، (تاریق جامباز، ٢٠١٤: ٣٥١–٣٥٢) واتە، بەهۆی دانانی چوارچیوەیەکی یاسایی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵ لە لەیەکترازان دەپارێزرێت، ئەمەش ناچێتە خانەی ڕێگرتن لە ئازادی ڕادەربڕین، بەڵکو ڕێکخستنی ئازادی ڕادەربڕینە. چونکە ئازادی چوارچێوە و سنورێکی هەیە و لە هیچ شوێنێک ئازادی ڕەها و بێ سنوور نییە، ئەوەش بە یاسای تایبەت ڕێکدەخرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی ئازادییەکە زیان نەگەیێنێت. (حامد محەمەد عەلی، ٢٠١٩: ٣٥) ئەم بوارە لە هەرێمی کوردستانیش کاریگەریان زۆر بووە، چونکە ئەم کەناڵانە، هاتونەتە نێو هەموو ماڵێك و، ڕۆژانە لە ڕووی ژمارە و تایبەتمەندی لە فراوانبووندان، بۆیە پێویستیان بە ڕێکخستن هەیە، لە هەموو لایەنێک، بەتایبەتی لە ڕووی بەکارهێنانی زمان، چونکە زمان هۆکارێکی سەرەکی بەیەکەوە بەستنەوەی نەتەوەیە، ئەم ڕێکخستنەش پێویستی بە دارِشتنی یاسای تایبەت بە سیاسەتی زمان و پلانی زمان هەیە، هاوشێوەی وڵاتان ، بەمەش کاریگەریەکانی سەر زمان و کەلتوور و لایەنی کۆمەڵایەتی بەلایەنی ئەرێنی دەبێت و پاڕاستنی ناسنامەی نەتەوەش مسۆگەرتر دەبێت. لەبەرئەوەی گرنگترین شوێن بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانەی لەبواری زمان دەدرێن جێبەجێبکرێن، دەزگاکانی ڕاگەیاندنن بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان، چونکە کەناڵی جەماوەریین و بینەرێکی زۆر بەرفراوانیان هەیە.

١-٢- ٣: کەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی

کەناڵە ئاسمانییەکان جێگای بایەخێکی ئێجگار زۆرن، لەبەرئەوەی ئامرازگەلێکی سەرەکیی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانن بۆ بینەری وەرگر، هەروەها ئامرازی سەرەکی کرداری بەردەوامییەتی پەیوەندیکرنی جەماوەرییە، کە لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکان بەرنامەکانیان پەخشدەکەن، ئەم کەناڵانە بوونەتە چاو و گوێی مرۆڤی هاوچەرخ، توانیویانە هەموو جیهان لە شاشەیەکی بچووکدا کۆبکەنەوە.(مەجید ساڵح عەزیز، ٢٠٠٤: ٦٩) لە دیارترین ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی کە ئەو ئامرازی پەیوەندیکردنە هەیەتی، کارلێکیەتی لە نێوان پەیامنێر و وەرگر، بەجۆرێک کە بوونەتە سەرچاوەی یەکەمی زانیاری و هەواڵ بۆ ئاگاداربوونی کۆمەڵگە لە ڕووداوە جیهانییەکان، چونکە وای لە جیهانی نوێ کردووە، ببێتە گوندێکی جیهانی، هەر وەک (مارشاڵ مکلۆهان) ناوی لێناوە، ئەمەش ڕێخۆشکەری پەرەسەندنی بەجیهانیبوونی کەلتوورە. ( Mcluhan, 1964 :20) بێگوومان ئەمەش بەبێ کاریگەری لەسەر زمان نابێت، چونکە زمان لەلایەک توخمێکی سەرەکی کەلتوورە و، هەروەها لەلایەکی تریش، بەبێ زمان نە پەیوەندیەکە و نە کارلێکی نێوان نێرەر و وەرگر دروست نابێت، چونکە تاکە کەرەسەی سەرەکی بۆ گواستنەوەی پەیام لە ڕاگەیاندنەکاندا زمانە. بەهۆیەوە وێنە و دەنگ و ڕەنگ و زمانی ئاماژ بۆ تاکەکانی کۆمەڵ دەگوازنەوە. (حنان اسماعيل احمد عمايرة، ٢٠٠٤: ١١)

هەروەها بەهۆی خێرایی لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان و بەرنامە هەمەجۆرەکانی، کەم کەس دەتوانیت دەست بەرداری بێت و، لەلایەکی دیکەشەوە، توانای گواستنەوی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە سنوورێکی زۆر فراواندایە، بەتەواوەتی بەربەستی سنووری جوگرافیای نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەزاندووە و پەیوەندیی جوگرافیایی، پەیوەندییەکی جیهانییە و هەموو جیهان بەیەکەوە گرێدەدات.(قەرەنی قادری، ٢٠٠٩: ٥٢) بەتایبەتی دوای گرێدانی بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە، بەجۆرێک کە بینەر توانای بینینی زۆربەی کەناڵەکانی لە ئەنتەرنێتەوە هەیە، ئەمەش وای کردوە، ئازادی زۆر و خێرای هەبێت بۆ بڵاوبوونەوە، بەجۆرێک دەتوانێت ناڕاستەوخۆ بۆ پەرەپێدانی زمان لە ناو بیسەران و بینەرانی کاریگەر بێت و کاریگەریش بووە. (مُحَمَّد رضا باطنی، ١٣٧٨: ٢٠٧) ئەم بوارە گرنگ و هەستیارە، بۆ بەرجەستەکردنی کەتواری زمان و کەلتووری هەر وڵاتێک، دەسەڵات لە ڕێگەی سیاسەتی زمان و بە یاسا دەتوانێت لە بەرژەوەندی جێگیرکردنی زمانی ستاندار بەکاریان بێنێت، تەنانەت دەتوانێت چاودێری زمانەوانی لەسەر ئەو کەناڵانە دابنێت، بۆ ئەوەی زمان بە دروستی و بێ هەڵە بەکار بهێنن. (مراد عميروش وآخرون، ٢٠١٢: ٢٨٨) هەرچەندە سەرەتاکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی مێژوویەکی درێژی نییە، بەڵام کاریگەرییەکانی خێران، مێژووەکەی بۆ ناوەڕاستی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، یەکەمجار لە ساڵی(١٩٩٠) دا تەلەفیزیۆنی ئاسمانی (CNN) بەهۆی شەڕی دووەمی کەنداو کە بە شەری

ئازادی کوێت دەناسرێت، پرۆگرامەکانی لەم ناوچەیەدا دەستپێکرد (نەژاد عزیز سورمێ، ٢٠٠٥: ٢٦) هەروەها یەکەمین تەلەفیزیۆنی ئاسمانی بە زمانی عەرەبی، کەناڵێکی میسری بە ناوی (Space Net) بوو، کە لە ساڵی (١٩٩١) کەوتەکار. هاوکات لە هەمان ساڵ لە وڵاتی قەتەر کەناڵێکی دیکەی ئاسمانی بە ناوی(ئەلجەزیرە) کەوتەکار.(سیاوەش گودەرزی، ٢٠١٣: ٢٦٨) لە عێراقیشدا لە یەکی تەمموزی ساڵی (١٩٩٣) یەکەم پەخشی کەناڵی ئاسمانی بە ناوی (تەلەفیزیۆنی شەباب) دەستی بە پەخشکردن کردوە، کە بە کەناڵێکی نافەرمی ناسێنرا، و خاوەنەکەی عودەی کوڕی سەرۆکی ئەوکاتەی عێراق (سەدام حوسێن) بوو. (مەحمود وەندی، ٢٠١٣: ٩٠)

سەبارەت بەسەرهەڵدانی کەناڵی ئاسمانی بە زمانی کوردی، یەکەمین کەناڵی کوردی لە ڕێکەوتی (١٥)ی مایسی ساڵی (١٩٩٥)بە ناوی (مێد تیڤی M.TV) لە تاراوگە لە لەندەن دەستی بە پەخشکردن کرد، کە ئەمەش پێشڕەوییەک بوو لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، چونکە لە لایەک زمانی کوردی لە بازنەیەکی جوگرافی بەرتەسک بردە دەرەوە، هەروەها لە لایەکی تر نەتەوەی کوردی لە هەموو دونیا بەیەکەوە بەستەوە (نەژاد عزیز سورمێ، ٢٠٠٥: ٢٦) کە لەماوەیەکی کورتدا کاتژمێرەکانی پەخشکردنی گەیاندە دوازدە کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، کردنەوەی ئەم کەناڵە تەلەفیزیۆنییە کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە لەلایەک زمان بە زیادبوونی ژمارەی ئەرکەکانی فراوان دەبێت، تەنانەت بێ ئەوەی ژمارەی قسەپێکەرانیشی زیاد بن. (لویس جان کالفی، ٢٠١٢: ٢٤٤) لەلایەکی تر هەندێک لە دۆستانی کورد سەرهەڵدانی ئەم تەلەفزیۆنەیان ناولێنا (دەوڵەتی کوردی لە ئاسمان)، چونکە یەکێک لە سوودەکانی ئەم کەناڵانە بەیەکەوە گرێدانی هاوزمانانە لە هەر کوێی جیهان بن. (علی حمید العبیدی، ٢٠١٥: ٢١٢) بۆیە زۆری نەخایاند دەوڵەتی تورکیا کەوتە دژایەتی کردنی و لە ڕێکەوتی(٢٢)ی مانگی مارسی ساڵی (١٩٩٩)دایخست، بەڵام جارێکی دیکە هەمان کەناڵ لە ئابی ساڵی(١٩٩٩)بە ناوی میدیا لە برۆکسل دەستی بە پەخشکردن کردەوە. (سیاوەش گودەرزی، ٢٠١٣: ٢٦٩- ٢٧١) بەمەش بەهۆی دەرکەوتنی ئەم کەناڵە ئاسمانیانە، جگە لەوەی ڕاگەیاندن وەرچەرخانی بەخۆوە بینی، هەروەها لەلایەکی تریش زمان لە بازنەی جوگرافیاییەکی بەرتەسکی سنووردار چووە دەرەوە، کە هەموو جیهانی گرتەوە و، ئەم پەرەسەندنەش کاریگەری لەسەر زمانی سەردەم و شێوازی دەربڕین لەڕاوبۆچوون و بیروباوەری خەڵکی هێنایەکایەوە. (مەحمود وەندی، ٢٠١٣: ٢٧) لەلایەکی تریش کەلتووره جیاوازەکانی پێکهاتە و گروپ و نەتەوەکانی هەموو جیهانیشی بەیەک بەستەوە، کە ئەمەش لە یەک کاتدا هەرسێ لایەنی کەلتوور و زمان و ڕاگەیاندن بەرەو پەرەسەندن دەبات، ئەگەر لەم بوارەدا خاوەن ستراتیژێکی پلان بۆ دارێژراوی هەمە لایەن بین.

کەواتە لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین، ئەم بوارە کۆمەڵایەتییە، هەستیار و کاریگەرە، پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، لە ڕێگەی دارشتنی یاسای تایبەت بە سیاسەتی زمان بۆ بواری ڕاگەیاندن بە گشتی و کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی. چونکە ئەم ئامرازە وەک چەکێکی دووسەرە، دەتوانێت باش یان خراپ بێت، بەپێی سیاسەتی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی کەناڵە ئاسمانییەکە.

١-٤-١ : زمان و ڕەگەزەکانی پرۆسەی گەیاندن

پرۆسەی گەیاندن مەبەست لێی گواستنەوەی ئەو پەیامەیە کە زانیاری هەڵگرتووە، یان گواستنەوەی هەستێکە بۆ کەسی وەرگر بە هەر مەبەستێک بێت، بێگوومان لە پرۆسەی گەیانندنا زمان ئامرازی سەرەکییە، کە وەک ئامرازێک ڕۆڵی گرنگ و کارای بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان لە نێرەرەوە بۆ وەرگری پەیام هەیە، بەردەوامی پرۆسەکەش بە گەیشتنی زانیارییەکانە بۆ وەرگر، ئەگەر تێگەیشتن لە پەیوەندیکردنەکە دروست نەبێت، واتە گەیاندنەکە دروست نییە، ئەمەش هۆکارەکەی مەرج نییە پەیوەست بێت بە وەرگرەوە، چونکە کۆمەڵێک ڕەگەزی بنچینەیی بە هاوبەشی لە پرۆسەی گەیاندنی پەیامدا بەشدارن، ئەگەر ئاریشە لە هەر ڕەگەزێکدا هەبێت، ئەوا ئاستەنگ بۆ پرۆسەی گەیاندن دروست دەبێت.

گرنگترین ڕەگەزەکانی پرۆسەی گەیاندن بریتیین لە:

یەکەم : بەرهەمهێنەری بابەتی ڕاگەیاندن

مەبەست لەم پێکهاتەیە سەرچاوەی پەیامە، کە لایەنی یەکەمە لە کردەی پەیوەندیدا، ئەو لایەنەیە کە پەیامەکە ئامادە دەکات و دەینێرێت بۆ وەرگر، پێویستە بیر و بۆچوون و مەبەست و زانیاری پێبێت.(حەبیب کەرکوکی، ٢٠٠٨: ٧) نێرەر ئەو کۆدانە دەستنیشان دەکات کە لەگەڵ پلە و پایەی وەرگر دەگونجێت، هەروەها دەبێت شارەزایی زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکە بێت.

دووەم: ناوەرۆکی بابەتی ڕاگەیاندن

مەبەست لە ناوەرۆکی بابەتی ڕاگەیاندن، ئەو زانیاری و ڕاو بۆچوون و هەست و ئاراستانەیە، کە نێرەر مەبەستیەتی لە ڕێگای هێما دەنگییەکانەوە بە کەسانی دیکەی بگەیێنێت، کە بەشێوەی ئاخاوتن یان نووسین یانیش ئاماژە، یانیش تێکەڵەیەک لە هەموویان بێت، لە ڕێگەی کەناڵی پەیوەندیکردنەوە بۆ وەرگری دەنێرێت، (سحر کاظم حمزه الشجیری، ٢٠٠٢، ١١٥) بۆ گەیشتنی پەیامەکەش پێویستە ئەو هێما و کۆدانە لە لایەن وەرگر و نێرەرەوە توانای تێگەیشتنیان هەبێت.

سێیەم: جەماوەری وەرگر

ئەو کەسەیە کە پەیامی ئاراستە دەکرێت و وەری دەگرێت، دواتر هێماکان دەکاتەوە و هەوڵدەدات درک بە واتاکان بکات، ئەو کاتە نێرەر لە گەیاندنی پەیام بە جەماوەر سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر جەماوەر لە پەیامەکە گەیشتبێت. واتە، پێویستە وەرگری پەیام توانای تێگەیشتنی ئەو هێما زمانیانەی هەبێت، کە بیرۆکەکانی پێداڕێژراوە. ئەمەش پێویستی بەسێ قۆناغ هەیە بۆ ئەوەی وەرگر بتوانێت هێماکان هەڵوەشێنێتەوە و شیان بکاتەوە، ئەوانیش، لێکدانەوەی واتای فەرهەنگی وشەکان، گونجاندنی ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تێدا وتراوە، هەروەها زانیاری کەسی(دەکرێت زانیاری لە بارەی دامەزراوە و دەزگای ڕاگەیاندن وکەلتووری بێت) و کەلتووری. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٩: ٤٠)

چوارەم: هۆکارەکانی ڕاگەیاندن

ئەمەیان تایبەتە بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، کە بە ڕێگەیەوە ناوەرۆکە ڕاگەیاندنکارییەکان ئەنجام دەدرێت، بازنەی بەیەک گەیاندنی نێرەر و وەرگرە لە پرۆسەکەدا، لەگەڵ ئەوەی جۆراوجۆرە، ئەو پێکهاتەیە لە پێکهێنانی جۆری بەکاربردن هاوکاری دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو(کەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی و ڕادیۆ) ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن، لە دوای ئەوان ڕۆژنامە و گۆڤار و پۆستەری پیشەیی و کتێب و کاسێت و ڤیدیۆ و

دەزگای هەواڵ و تۆڕی نێودەوڵەتی زانیاری دێت، لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئینتەرنێت بەکاردەهێنێت، توانای لە گەشەسەندن و ڕاکێشانی خێرای هەیە، هەروەها کاریگەری گەورەی لەسەر خەڵک هەیە. (سهير جردات، ٢٠١٣: ٦٤٦) ئەمەش بەهۆی خێرایی لە بڵاوبوونەوە و بڕینی سنوورێکی بەرفراوانی جوگرافیای وڵاتان لەیەک کاتدا.

پێنجەم: پێکهاتەی کاریگەرییەکان

گوێگر پێوەرە بۆ زانینی ئاستی کاریگەری پەیامەکە، چونکە پێویستە پەیامەکە کاریگەری خۆی لەسەر وەرگر بنوێنێت، لێکتێگەیشتن دروست بکات، ئەویش لە ڕێگەی شیکردنەوەی هێماکان، دوای گەیشتنی پەیامەکە، بەڵام ئەگەر هێماکان نەناسراو بن ئەوا پەیامەکە ئامانجەکەی ناپێکێت لە ڕێگەی ئەو ناوەڕۆکە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەی ڕاگەیاندنەکە دەیگوازێتەوە، بەتایبەتی بۆ گەلانی جیهانی سێیەم لە جەماوەری وەرگر، لە ڕێگەی ڕیکلامی بازرگانی و بابەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندی، جا چ بڵاوکراوەبێت، لە ڕۆژنامە، یان لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن پەخشکرابێت.(سهير جردات، ٢٠١٣: ٦٤٧) کاریگەرییەکانیش هەمە لایەنن، لەبەرئەوەی ئامرازەکان پەیامەکانیان لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتییە، بۆ نموونە لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، کەلتووری، ...هتد.

شەشەم: ژاوەژاو

ژاوەژاو بریتییە لە بوونی هەر کۆسپێک کە ببێتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی گەیاندنی (پەیام) لە (نێرەر)ەوە بۆ (وەرگر)، بەشێوەیەکی گشتی ژاوەژاو بە دووجۆر دەردەکەوێت، جۆرێکیان ژاوەژاوی تەکنیکییە و پەیوەندی بە خودی ئامرازی ڕاگەیاندنەکەوە هەیە، بەهۆی کەموکوری لە دەنگی (نێرەر)، یاخود بەهۆی لاوازی هەستی بیستن یاخود بینینی (وەرگر) دروست دەبێت، جۆری دووەمیان لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی زمان دێتەکایەوە، کە پێی دەوترێت ژاوەژاوی زمانی یان واتایی،(ئازاد ڕەمەزان عەلی، ٢٠٠٥: ٦٦) پەیوەندی بە ئاستی تێگەیشتنی (وەرگر)ەوە هەیە بۆ ئەو پەیامەی کە لە ڕاگەیاندنەوە پێشکەش دەکرێت. بە شێوەیەکی گشتی، ئەرکی ژاوەژاو دروستکردنی بەربەستە لەبەردەم سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندیدا، تاوەکو ژاوەژاو زیاتر بێت، هێندە کاریگەری ڕاگەیاندن کەمتر دەبێت، بە پێچەوانەوەش، چەندی ژاوەژاو کەمتر بێت، هێندەش کاریگەری ڕاگەیاندن زیاتر دەبێت. (ڕێباز عزيز محمّدامين، ٢٠١٧: ٣٧) هەروەها بەکارنەهێنانی زمانی هاوبەش و بەکارهێنانی زار و شێوەزاری ناوچەیی، لەلایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان هەندێکجار دەبنە بەربەست لەبەردەم تێگەیشتنی پەیامەکانی ڕاگەیاندن، یان بەکارهێنانی وشەی نامۆ و بیانی لای هەندێک لە جەماوەری وەرگری پەیامەکانی ڕاگەیاندن بەربەستن لە تێگەیشتنی پەیام، کە ئەمانەش دەبن بە بەشێک لە ژاوەژاو و دەچنە چوارچێوەی ژاوەژاوی زمانی.

١- ٤- ٣ : بنەماکانی چالاکبوونی زمان:

کەناڵە ئاسمانییەکان هۆکارێکن بۆ ئەوەی سنووری چالاکی زمان بەرفراوان بێت، ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاراستنی زمان و کارابوونی زمان لە وڵاتدا هەیە، ئەگەر بە باشی زمان بەکاربهێنن، هەروەها ئەگەر بمانەوێت زمانێک لە چالاکی بەردەوامدابێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە، پێویستە ئەم بنەمایانەی تێدا بەرجەستە بێت:

١- گواستنەوەی زمان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.

٢- هەڵوێستی تاکەکانی کۆمەڵ بەرانبەر زمانەکەیان.

٣- گۆڕانکارییەکان لە لایەن بەکارهێنەرانی زمان.

٤- زمانەکان و هەڵوێستی سیاسی حکومەت و دامودەزگاکان، لە نێویشیاندا دامودەزگا فەرمییەکان و بەکارهێنانی زمان تێیدا.

٥- جۆر و چونیەتی بەڵگەنامەکان.

٦- چۆنیەتی وەڵامدانەوەی بوار و ئامرازە نوێیەکان.

٧- دابینکردنی ئامرازەکانی فێرکردنی زمانەکە و بنەماکانی.

٨- ڕێژەی ئاخێوەران لە کۆی دانیشتووان.

٩- ژمارەی ڕەهای ئاخێوەران بەو زمانە.(هارالد هارمان، ٢٠٠٦: ١٥٠)

جگە لەمانەش، هەریەک لەو هۆکارانە ڕۆڵی گرنگیان هەیە، بۆ مانەوە و پارێزگاری لە فرەچەشنی کەلتوور و فرەزمانی لە جیهاندا، کە لە جیهانی ئەمڕۆدا لە لایەن نەتەوە و گروپەکۆمەڵایەتییەکان گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت،(تاريق جامباز، ٢٠١٤: ٧) هەروەها کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات، کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری زۆریان لەسەر زمان هەیە، بەتایبەتی ئەگەر خاوەن سیاسەت و پلانی زمان بن، دەتوانن ڕۆڵی گەورە بگێڕن، لە پیادەکردنی هەموو ئەو بنەمایانەی کە بۆ چالاکبوونی زمان ئاماژەمان پێکردوون، چونکە دەکرێت ئاراستەی پەیامی ڕاگەیاندن لە خزمەتی ڕۆشنبیرکردنی تاک و دەسەڵات بێت، بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی ببینێت، لە پیادەکرن و کارکردن لەسەر ئەم بنەمایانەی ئاماژەیان پێکراوە. کاتێک باس لە توانا و چالاکی زمان دەکەین مەبەست هەر زمانێکە، کە دەتوانێت وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ نوێسازی لە سەرجەم بوار و کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

١- ٥ : چەمکی زمان و ناسنامە

چەمکی ناسنامە لە دوو بەش پێکهاتووە: (ناس + نامە = ناسنامە)، کە لە مۆرفیمی تەوەرەیی (ناس)، کە لە چاوگی ناسین وەرگیراوە و لە مۆرفیمی سەربەخۆی (نامە) کە دەچێتە سەر مۆرفیمی(ناس)، پێکەوە دەبنە چەمکێکی زاراوەیی و واتای نامەی خۆناساندن دەگەیەنێت. لە زمانی کوردیدا جگە لەم زاراوەیە، لەلایەن هەندێک لە کۆمەڵناسان زاراوەی (شوناس)یشی بۆ بەکار دێت، کە زاراوەی دووەمیان لە زمانی فارسی هاتۆتە ناو زمانی کوردی، بە واتای (ئاشنا)دێت.(کامران ڕەحیمی، ١٣٨٧: ٦٣) ماناکەی هیچ پەیوەندی بە ناوەرۆکی واتای چەمکی ناسنامەوە نییە. چەمکی ناسنامە لە زمانی کوردیدا لە بەرانبەر وشەی (Identity) لە زمانی ئینگلیزیدا و (الهوية) لە زمانی عەرەبی دەوەستێت، بنەڕەتەکەی بۆ زمانی لاتینی دەگەڕێتەوە (Identitas) لە وشەی (Idem) ەوە سەرچاوەی گرتووە و بە مانای هاوشێوەی ڕەها دێت، بۆ نموونە ئەم شتە وەکو ئەوە وایە.(ڕیچارد جنکينز، ١٣٩١: ٥) و(عفيف البوني، ١٩٨٣: ٥) لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردیشدا پێناسەی چەمکی ناسنامە کراوە، نووسیویەتی: ((ناسنامە، واتە شتەکە خۆی نەک شتێکی تر)) کە ئەمەش هەر واتای هاوشێوەیی ڕەها دەدات. (coulson.j Carr،1979: 418 )

لە هەندێک فەرهەنگ مانای چەمکی ناسنامەیان لێکداوەتەوە بەوەی (( کردەی خۆ جیاکردنەوەی تاکە لە کەسانی دیکە)).(احمد زكي بدوي، ١٩٩٣: ٢٠٦) لە چوارچێوەی کۆمەڵیشدا ناسنامە پەیوەست دەبێت بە پەیوەندی تاک بە کۆمەڵ لەسەر بنەمای کۆمەڵە سیفەتێکی هاوبەش لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەکەیدا کە هاوبەشی و یەکێتی لە نێوانیاندا دروست دەکات و لە کۆمەڵێکی تر جیایان

دەكاتەوە، بە هۆی چەند بنەمایەک کە پێکهاتەی نەتەوە و کۆمەڵ و گروپی لەسەر بنیات نراون، وەکو (زمان، ئایین، مێژووی هاوبەش،...هتد). (عبدالرحمان بدوي، ١٩٩٦: ٥٦٩- ٥٧٠) چونکە هەر یەک لەم بنەمایانە، پرۆسەیەکە تاک بە تەنیا ناتوانێت بنیاتی بنێت، لەبەرئەوەی بە تەنیا ئەندامێک پێکناهێنرێت، تەنانەت مرۆڤ خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەبێ هاوبەشی و یارمەتی کەسانی دیکە لە نێو کۆمەڵدا ژیانی ئەستەم دەبێت.

ناسنامە بەشێکە لە ڕەوشی ژیاری و بەشارستانیبوون و بە دامەزراوەیی بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی ژیر و بەئاوەز لە پۆلێنکردن و جیاکردنەوە و ڕێکخستنی پەیوەندی و تایبەتمەندییەکانی خۆی زۆر ئامراز و ڕێوشوێنی گرتووەتە بەر، ناسنامە یەکێکیانە، هەر وەک زمانیش بنەما و شا دەماری هەر گەل و نەتەوەیەکە، هەر بە هۆی زمانەوە شارستانیەتەکان بەشێکیان بە بەشێکی تریانەوە دەبەسترێنەوە، هەر زمانیشە کە هۆکاری مانەوەی گەلانە، وەك ئەوەی کە کلیلی سبەی بێت و بە ڕابردوش گرێتبداتەوە(ابن خلدون، ١٩٨٤: ٥٨) بەمەش زمانی مرۆڤ جگە لەوەی هزر و قسەکردنیەتی لە هەمان کاتیشدا هەر ئەو زمانە ئینتمای ئەو مرۆڤەیە، هەر ئەمەیش هەقیقەت و ناسنامەکەیەتی ( محمود احمد السيد، ٢٠١٣، ٩) هەروەک زمان بەهێزترین هۆی بەیەکەوە بەستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵیشە. بۆیە ئێمە زمانی دایک دەپارێزین و منداڵەکانیشمان فێر دەکەین، ئەمەش بۆئەوە دەگەرێتەوە کە زمانی دایک ناسنامەی ئێمەیە و هەر بەزمانەکان ناسنامەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاریدەکەین و دەناسرێن کە خەڵکی کوێین.( David Crystal, 2010: 82) واتە مرۆڤ لەڕێگەی زمانەوە ناسنامە و خۆبەندی بۆ نەتەوەیەک یان گروپێکی کۆمەڵ دیاریدەکرێت، بۆ نموونە، ئەم کەسە کوردە، عەرەبە یان فارسە،...هتد و هەر بەهۆی زمانیشەوە ناسنامەی نەتەوەیی دەپارێزرێت.

کەواتە، زمان ناسنامەی کۆمەڵایەتییە، لە نێوان پێکەوە گرێدانی تاک و کۆمەڵە مرۆییەکاندا، پەیوەندی نێوان زمان و ناسنامەش، پێوەندییەکی زۆر تۆکمە و بەهێزە، چونکە زمان تەنیا ناسنامە بۆ قسەپێکەرانی دروست ناکات، بەڵکو ئەندامبوونی ئەوانیش لە ڕووی گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەسنیشان دەکات.(کامیار سابیر، ٢٠٠٩: ٢٧)

لە زمانی عەرەبیشدا وشەی (هوية) لە ڕاناوی (هو) هاتووە، کە بەواتای خەسڵەتەکانی مرۆڤ دێت، هەروەک بۆ بواردن و جیاکردنەوەی بنەما و تایبەتمەندی کەسێتیی تاکێک لە تاکێکی تر بەکاردێت.(المعجم الوجيز، ٢٠٠٠: ٨٥) بۆیە لەڕووی زاراوەیی و چەمکەوە، ناسنامە بریتیە لە کۆمەڵێک خەسڵەت و ئەدگار و تایبەتمەندیی تاکەکان کە لە خۆیان دەگرن، وایان لێکردوون خاسیەتی تاک لە خودێتی و تاکخۆبووندا لەناو کۆمەڵگادا وەربگرن، دەکرێت چەند تاکێک لە هەندێک خاسیەتی خودێتی و تاکخوییدا هاوبەش بن، ئەمە لە چوارچێوەی کۆمەڵگا، یان دەوڵەتدا. بەواتایەکی دیکە، ناسنامە گوزارشتە لە هەموو شتێکی هاوبەشی نێوان چەند تاکێکی ناو کۆمەڵێکی دیاریکراو کە وەک دەستەیەک لە بنیاتنانی چوارچێوەیەک بۆ خۆیان کۆشش دەکەن و شەڕی بەردەوامی لە ژیاندا دەکەن، بۆیە لەڕێی ئەم تایبەتمەندییە بنیاتیانەیاندا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت. (ایراندخت فیاض و فریبا ایمانی قوشچی، ١٣٨٩: ٣١)

کەواتە، ناسنامە بەو پێیەی واتاکەی لە فەرهەنگەکان دیاریکراوە، دەکرێت بڵێین، بریتییە لەو پشکە هاوبەشانەی کە لە نێو کۆمەڵە خەڵکێکدا هەن، کە بەهۆیانەوە لەسەرێکەوە پێی لەکەسانی دیکە جیا دەکرێتەوە و لەسەرێکی دیکەشەوە یەکیان دەخات.

هەموو تاکێک کە لە دایک دەبێت، زمانی دایکی دەبێتە پایەیێکی بنچینەیی ناسنامەکەی، (فاطمه حجاري و تلمسان، ٢٠١٢: ٢٤١) هەروەها بە یەکێک لە گرنگترین پایەکانی ناسنامەی هەر نەتەوەیەکیش دادەنرێت، کە سیمایەکی جیاکەرەوەیە بۆ ناسینەوەی لە نێو نەتەوەکانی دیکەدا، بۆیە لە نێوان زمان و ناسنامەدا، پەیوەندیەکی بنیاتنەرانە و ئەندامی هەیە، بەجۆرێک زمان لە بنەڕەتی ناسنامەدا، بەردێکی بنچینەیی بناغەی ناسنامەیە و لێی جیانابێتەوە (مراد عميروش و ئەوانی دیکە، ٢٠١٢: ٢٦٥) هەر ئەمەشە پێی دەڵێن زمان و ناسنامەی ڕەسەن. هەربۆیەش، ژمارەی زمانەکانی جیهان چەند بن، ژمارەی ناسنامەکانیش هێندە دەبن. چونکە لە جیهاندا نەتەوەی بێ زمانمان نییە، بۆیە هەر کاتێک کە باس لە نەتەوە دەکرێت، زمان گرنگترین و یەکەم توخم و پێکهاتەیە وەک سەلماندن و بوونی نەتەوە دێتە بەرباس، هەر بۆیەش، زمان لەم سەردەمەدا بەرلەوەی مانا و دەلالەت تەنیا لە پرسێکی کۆمەڵایەتی بکات، پرسێکی سیاسیشە، چونکە وڵاتە داگیرکەرەکان کە دەست بەسەر وڵاتێکدا دەگرن، هاوکات لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی خاک و جوگرافیا بەرنامەڕێژی بۆ سەپاندنی زمانی سەردەست دەکەن، هەروەک ئەوەی لە (سوریا، تورکیا، ئێران) بەرانبەر بە زمانی کوردی پیادەکراوە، بەردەوام هەوڵی بەرتەسکردنەوەی سنووری چالاکییەکانی زمانی کوردی دراوە، هەر یەکەیان بەپێی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆژیای حکومەتەکانیان، بەجۆرێک وڵاتی تورکیا زمانی کوردی لە هەموو ناوەندە فەرمییەکان لە بەکارهێنان قەدەغەی کردوە، لە وڵاتی ئێران کرانەوەیەکی باشتر هەیە، تەنیا وەک زمانی خوێندن قەدەغە کراوە، لە عێراقدا لە دوای پرۆسەی ئازادی و ڕاپرسی لەسەر دەستووری هەمیشەیی لە ساڵی( ٢٠٠٥) ڕەوشی زمانی کوردی لە ئاستێکی باشدایە، بەجۆرێک کە لەسەرتاسەری عێراق زمانی فەرمییە، هاوشانی زمانی عەرەبی، بەڵام لەسەردەمی حکومڕانی پارتی بەعسی هەڵوەشاوە، لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم خوێندن بە زمانی کوردی فەراهەم نەکرابوو و هەوڵی سەپاندنی زمانی عەرەبی لە شارەکانی تری کوردستانیش لە ئارادا بوو، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە زمان وەک بەشێک لە ناسنامەی نەتەوە سەیر دەکرێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی سڕینەوەی زمانی نەتەوەکە دواجار نەتەوەکەش بەرەو توانەوە و سڕینەوە بچێت.

کەواتە، زمان بەهێزترین پێکهێنەری ناسنامەی نەتەوەییە، بەرپرس و هۆکاری پاراستنی یەکپارچەیی و یەکرێزیی نەتەوەی خاوەن زمانەکەیە، نیشانە و هێیەکی بەهێزی ناسنامەی کلتووری و کۆمەڵایەتییە. (بیرنارد کەمری و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٧: ٩٧) پەیکەری بیرو تێگەیشتنە، یەکێک لە کۆڵەگە بنەڕەتییەکانی بنیاتنانی تێگەیشتنی ئەرێنییە لە خود. زمانەوان "فردینان دی سۆسێر" لە سەرەتای سەدەی بیستدا پێیوابوو کە زمان شتێکە و ئاخاوتن شتێکی دیکەیە. (فردینان دی سوسور، ١٩٨٥: ٣٣-٣٤) پێیوا بوو، کە ئاخاوتن هەر دەربڕینێکە کە تاکەکانی کۆمەڵ لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لە وشە و پێکهاتەکان بەرهەمی دەهێنن لە ڕێگەی ئەندامانی گۆکردن و بەمەش ئاخاوتن بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دانانرێت، لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنانی تاکە و دیاردەی کۆمەڵایەتی کارێکی تاکەکەسی نییە، ئاخاوتن بەدیهێنان و دەستەبەرکردنی ئەم سیستەمەیە لە وێنە و هێمادا، بەڵام ((زمان، سیستەمێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆیە، لە نەوەیەوەکەوە بۆ

نەوەیەکی تر دەگواسترێتەوە، سیستەمێکی دەنگی خاوەن یاسا و ڕێسایە)) (محمد عفیف الدین دمیاطي، ٢٠١٧: ٢٣) واتە، زمان ڕێگای بیرکردنەوەیە لە ئاوەزی مرۆڤدا، یاخود لە ئاوەزی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، بەڵام ئاخاوتن وێنەی دەنگەکانە، یاخود ئەو هێما نووسراوانەن کە دەیانبیستین و دەیانبینین، بەمەبەستی گوزارشتکردن و گەیاندن، گوزارشتکردن لە دەروون و ناخی خود، پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ دەوروبەر و کەسانی تر. زمان بۆ ئەوەی ببێتە ناسنامەیەکی هاوبەش بۆ تەواوی هاوزمانان، چەند پێوەرێکی بۆ دانراوە لای زمانەوانان، کە هەندێکیان لەو باوەڕەدان کە یەکبوونی چوار شت، لە چەند زارێکی زماندا، ئەو زمانە دەکات بە زمانێکی ستاندارد/ زمانی نەتەوەیی هاوبەش، کە زمانی فەرمی نەتەوەیەک بێت، لە دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکانی دەوڵەتدا کاری پێ بکرێت، وەک (وەزارەت و فەرمانگە و مامەڵە بازرگانییەکان و زمانی خوێندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن). (بەکر عمر عەلی، ٢٠١٤: ١٨٧)، ئەمیش ئەمانە:

١- ڕێکخستن و بەیاسایکردنی و هەڵبژاردنی زمانی پێوەر.

٢- دەستپێکردنی کۆد ڕۆنانی (کۆدیفای codify) لایەنی (ڕێزمانیی و فەرهەنگی).

٣- گشتگیری لە ڕووی شێوە دەربڕین لە لایەنی زمانەوانی.

٤- ڕازی بوونی کۆمەڵ بۆ زمانەکە (میشال زکریا، ١٩٩٢: ١٦) و (کامیار سابیر، ٢٠٠٩: ٦١)

بەمەش زمان سنووری جوگرافیای ناوچەیی تێدەپەڕێنێت، دەبێتە زمانێکی سەرتاسەری و پانتاییەکی جوگرافیایی فراوانتر دەگرێتەوە، چالاکی زار و شێوەزارەکان لە چوارچێوەی زمانی ئاخاوتندا قەتیس دەکات.( Halliday, 2003 :4) ئەمەش وا دەکات، لە ڕێگەی زمانەوە ناسنامەی نیشتمانی بۆ وڵات بەدەست بهێنرێت.

بەڵام پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین، کە گۆڕینی زارێک بۆ زمانێکی سەربەخۆ، تەنیا بابەتێکی زمانی نییە، بەڵکو لەبنەڕەتدا بابەتێکی سیاسی و یاساییشە، چونکە جگە لە ژینگە زمانییەکە پێویستی بە بڕیاری سیاسییە، بۆ ئەوەی ببێتە زمانی نەتەوە کە بەهۆیەوە کەلتووری هاوبەشی نەتەوە و ناسنامە، خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆی نیشان بدات، کە سەرەنجام زەمینەی لێک تێگەیشتن و هەستی هاوزمانی و هاوکەلتووری لە نێو ئەندامانی نەتەوەکەدا، کە سەر بە زاری جیاوازن، پێکدێت.(ڕەفیق سابیر، ٢٠١٤: ١٧- ١٨) چونکە هەندێک لە زمانەوانەکان ڕایان وایە کەوا زمان پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە لە بنیاکردنی یەکێتی نەتەوەدا، بێگومان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە بنیاتنانی ئەو هاوبەشیە لە زمان و کەلتووردا بەهۆی کاریگەرییان لەسەر وەرگر لەسەرجەم تەمەنەکاندا.

بەمەش گرنگی زمان سەبارەت بە هەر کەسایەتییەکی نەتەوەیی بۆ دوو خاڵی بنچینەیی دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە زمان ناونیشانە بۆ ئەدگاری کەسایەتییە سەرەکییەکە کە لەنێو کەسانی دیکەدا پێی دەناسرێتەوە، دووەمیشیان، ئەوەیە کە زمان پەنجەرەیەکە کەوا کەسایەتیەکە تیایدا سەیری شارستانیەت و بەهاکان و کەلتووری خۆی دەکات.(محمود احمد السید، ٢٠١٣: ٩) کاتێک زمانێک لە هەڕەشە و مەترسیەکانی زمانان ناپارێزرێت، پەیوەندییە گرنگەکانی تاک بە خێزان و ئەندامەکانی تری کۆمەڵەی زمانی لە دەست دەدات، چونکە خێزان ئامادەی دەکات بۆ هاریکاری لەگەڵ کۆمەڵەکەی، هەبوونی چالاکی زمانی دایک بە تایبەتی بەشێوەی فرەئەرک لە کۆمەڵدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو نەتەوەیەی بەو زمانە قسە دەکات پتەوتر دەکات.(ڕەحیم قادر سورخی، ٢٠١٣: ١٤) گەورترین هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر ناسنامەی نەتەوەش، بەکارنەهێنانی زمانە لە بوار و کایە جۆراوجۆرەکان لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵدا، هەر بۆیەش، ڕێکخراوی یونیسکۆ کە ڕێکخراوێکە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی (٢١)ی شوباتی دیاریکردوە، وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، کە هەموو ساڵێک مرۆڤایەتی ئاهەنگ دەگێڕیت بەم بۆنەیەوە، بۆ داکۆکیکردن و ڕێزگرتن لەم ڕۆژە،( David Crystal, 2010: 82) بۆ ئەوەی فرەزمانی لە جیهاندا بمێنێت و ئەو زمانانەی لەژێر هەڕەشەی زماناندان پارێزراوبن. لەبەرئەوەی زمانی دایک گرنگییەکی نەتەوەیی هەیە، زۆربەی وڵاتانیش ڕێوشوێنی توندیان بۆ پاراستنی گرتۆتەبەر، بۆ نموونە فەڕەنسییەکان زۆر بەتەنگ پاراستنی زمانەکەیانن، ئەکادیمیای زمانی فەرەنسی زاراوەی فەڕەنسی بۆ وشە نوێیەکان دادەنێت، پێش ئەوەی بەشێوە بیانییەکەی لە زمانەکەیان بچەسپێت، هەروەها کۆمەڵەی نیشتمانی فەڕەنسی بڕیاری قەدەغەکردنی کۆنگرەی زانستی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر زەوی وڵاتەکەیان دەرکردوە، هەروەها پەرلەمانی وڵاتی فەڕەنسا لیستێکی ڕەشیان دیارکردووە، بە ناوی ئەو وشانە، کە نابێت لە بواری سیاسەت و ریکلام بەکاربهێنرێت، هەرچەندە نابێت ئەوە لە بیربکرێت، فەڕەنسا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی پەروەردە و زانست و کەلتوور داکۆکی لە فرەکەلتووری و فرەزمانی دەکات، لەبەرانبەر تاک جەمسەری زمان، چونکە تاک جەمسەری زمان، دەبێتە دوورخستنەوەی کەلتوور و زمانەکانی تر، دواجار دەبێتە هۆی لە دەستدانی ناسنامە.(عەبدولواحد موشیر دزەیی و شێرزاد سەبری عەلی سلیڤانەیی، ٢٠١٣: ١٩٤) تەنانەت وڵاتی فەڕەنسا زمان وەک کارتێکی گوشاری ئابووریش بەکاردەهێنێت، "جاک شیراک" کە سەرۆک کۆماری فەڕەنسا بوو، پێشنیازێکی پێشکەش بە وڵاتانی فرانکفۆنی کرد، کە ژمارەیان(٨٢) وڵاتە، داوای لێکردن ئەگەر بێت و زمانی فەڕەنسی بکەنە زمانی سەرەکییان و لە زمانی ئینگلیزی زیاتر بەکاری بێنن، ئەوا لە قەرزەکانیان خۆش دەبین.(تارق جامباز، ٢٠١٤: ٦٠) هەروەها لە وڵاتێکی وەک بەریتانیاش وەزیری فێرکردن بڕیاری فێرکردن بە زمانی بیانی دواخستووە بۆ دوای تەمەنی یازدە ساڵی بەو مەبەستەی کە زمانی دایک ناسنامەی نەتەوەییە، لەبەر ئەوەی فێرکردن بەزمانی بیانی لەسەرەتاکانی تەمەنی منداڵیدا کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵ دروست دەکات. (یوسف شەریف سەعید، ٢٠١٣: ٩٠)

کەواتە، ئەگەر وڵاتە زلهێزەکانی وەکو، بەریتانیا و فەرەنسا بەم شێوەیە کار لەسەر زمانی دایک بکەن و، گرنگی پێدانەکانیان بەم جۆرە بێت، نەتەوەی کورد کە خاوەن پێگەی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە، پێویستە زۆر زیاتر گرنگی بە زمانی نەتەوەیی بدات، چونکە لەم دۆخەدا زمانی کوردی تاکە ئامرازی ناسنامەی نەتەوەییە کە پێی لە نەتەوەکانی دەوروبەرمان جیادەکرێتەوە، هەروەها لەلایەکی تریش، نەبوونی کیانێکی سەربەخۆ مەترسییەکانی سەر زمان زیاتر دەکات، بە تایبەتی ئەگەر خاوەنی سیاسەت و پلانی زمانی نەبین بۆ پارێزگاریکردنی و گەشەپێدانی زمان، دیسانەوە پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین، کاتێک ئاخێوەرانی زمانێک، یەکگرتوویی لە نێوان زار و شێوەزارەکانیدا نەمێنێت، لێکدورکەوتنەوە و لێکترازان و ململانێ لە نێوانیاندا لە پەرەسەندندابێت، ئەوا مەترسیەکانی سەر ناسنامەیی نەتەوەیی و یەکێتی نەتەوەیی زیاتر دەبێت. لەبەرئەوەی زمانگەلێکی

زۆر هەن کە لە بنەڕەتدا ئەو زمانانە دیالێکتی جیاوازی یەک زمان بوونە، بە ئێستاشەوە جیاوازییەکانیان هەرگیز ناگاتە جیاوازی نێوان زارە کوردییەکان، بەڵام ئێستا هەریەکەیان زمانی سەربەخۆن، وەک زمانەکانی نەرویژ و سوید، بولگاری و مەکدۆنی، روسی و ئۆکرانی.(ڕەفیق سابیر، ٢٠١٤: ٢٨- ٢٩) بۆیە پێویستە بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان یەک شێوە زمان و یەک ئەلفبێ و ڕێنووسێکی ستاندارد پیادە بکرێت.

بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و ڕاگەیاندن، خێرابوونی زانیارییەکان، وایکردوە کۆمەڵێک بەرهەمی کەلتووری نوێی، وەکو (فیلم، مۆسیقا و کەرەستەی کەلتووری) بۆ ناو کەلتووری نەتەوەیی هاوردە بکرێت، بەتایبەتی بەبۆچوونی "ئەڵبرۆ" ئەمرۆ بەهۆی کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕەکانی ئینتەرنێت، بڵاوبوونەوەی هونەر لە ئاستێکی جیهانیدایە،(یوسف حسن حسین، ٢٠١٤: ٩٥) ئەمەش وایکردووە گواستنەوە و شارەزابوون لە کەلتوور و شێوازی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی تر پێویستی بە کات و سەفەرکردن نەبێت، هەروەها وایکردووە، گۆڕانکاری لە زمان خێراتر ڕووبدات، کە توخمێکی بنەڕەتییە، لە ناسنامەی نەتەوەیی.

١-٥-٢: زمان و خۆبەندی (ئینتما)

خۆبەندی لەبەرانبەر وشەی (Belongingness) لە زمانی ئینگلیزی و (انتماء) لە زمانی عەرەبیدا دەوەستێت، کە بەواتای پەیوەستبوون و خۆگونجاندن و بڕوابوون بە بابەتێک کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو خۆبەندیان لەلادا بۆی دروست دەبێت.(عبدالباقي صابر احمد، ٢٠١٢: ٦٦)

تویژەرانی بواری کۆمەڵناسی خۆبەندی بە پێویستیەکی گرنگی مرۆڤایەتی دادەنێن، لەبەرئەوەی لە نێوان مرۆڤ و خۆبەندی پەیوەندییەکی پێکەوەیی هەیە، خۆبەندی دیاردەییەکی مرۆڤایەتییە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی پەیدابوونی مرۆڤ خۆی، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێت بێ ئەوانی دیکە، ڕوو بەڕووی ئاریشە و ئاستەنگ و کارەساتە سروشتییەکان بێتەوە، هەروەها مرۆڤ هەر بەهۆی لاگیرییەوە ڕۆڵ و بوونی خۆی لە کۆمەڵدا بووبنیاد دەنێت.(حازم احمد الشعراوي، ٢٠٠٨: ٤٠) خۆبەندی تاک بۆ کۆمەڵ لە ئەنجامی ئارەزووی تاکە بۆ پەیوەندیکردن بە کۆمەڵ، هەروەها کۆمەڵ، کە خۆبەندی تێدا هەبێت، قەوارەیەکی گەورە و بەهێزی تێدا دروست دەبێت، تاک شانازی پێوە دەکات و کارلێکی ئەرێنی لەگەڵ دروست دەکات.(عبدالله بن ناجي ال مبارک، ٢٠٠٤: ٢٣) دیارترین و بەرچاوترین ئاستی خۆبەندی تاک بۆ کۆمەڵگە لە ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگە بەدیدەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی وابەستەبوونی ئەندامانی کۆمەڵگە بە کەلتووری هاوبەش، کە زمان توخمی سەرەکییە تیایدا، (یوسف حسن حسین، ٢٠١٤: ٨٧) واتە زمان هۆکاری بەهێزکردنی هەستی خۆبەندییە بۆ نەتەوە، هۆی یەکخستنی تاکەکانە و هۆی پەیوەست بوونی کۆمەڵە بە نیشتمان.

فەیلەسوف و بیرمەندانی ئەڵمانی یەکەم کەسبوون، کە لە کۆتایی سەدەی (١٨ ز) باسی پەیوەندیی نێوان زمان و هەستکردن بە خۆبەندی بۆ گروپێکی دیاریکراوی کۆمەڵیان کرد، کە جەختیان لەسەر دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بە هۆی زمانەوە کرد، تێبینی ئەوەیان کرد کە هەر گەلێک سەر بە گروپێکی زمانێن.(شێرزاد سەبری علی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵا، ٢٠١١: ٣٤) هەروەها ناسنامە، هۆکارێکە بۆ چەسپاندن و بەرچاوخستنی خۆبەندی لەلای تاک و کۆمەڵگا، زمانی دایک ئەو زمانە ڕەسەن و بنچینەییە، کە منداڵ لەسەرەتاکانی تەمەنیدا وەریدەگرێت، دەبێت لە نێو ئەو ژینگەیەی تێیدا لە دایک بووە و ئەو ناوەندەی کە خۆبەندی زمانی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری و شارستانیەتی بۆ هەیە. بە باشترین شێوە قسەی پێدەکات و زۆرجار بنەمایەکە بۆ ناسنامەی کۆمەڵایەتی تاک و لە نێو پێکهاتەکەی پێی دەناسرێتەوە.

کاتێک فەرمانبەران لە وڵاتێکی ئەفریقیایدا، کە کەوتبێتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمەوە، بە زمانی فەرەنسی لە نێوان خۆیاندا قسە بکەن، هەر چەندە زمانی دایکیان هەیە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە دەیانەوێت ڕەچاوی نموونەیەکی ڕۆژئاوایی بکەن، لە تاکەکانی کۆمەڵگای خۆیان جیاوازین، کە گوایە خوێندویانە و هەڵگری بڕوانامەن. بەڵام ئەگەر یەکێک لەو گروپە، کە هەمان مەرجی تێدایە، رازی نەبێت بە زمانی فەرەنسی بدوێت و بە زمانی دایک قسە بکات، ئەمە پەیامێکە، مەبەستی ڕەتکردنەوەی زمانی ئیمپریالیزمە و بەڵگەی خۆبەندی دەگەیێنێت.(لویس جان کالفي، ٢٠٠٨: ١٣٩)

لە کاتێکدا ڕاگەیاندنەکان بەهۆی بەرنامە هەمەجۆرەکانیان دەتوانن لە ڕێگەی ڕۆشنبیرکردن و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان، گەشە بە هەستی پەیوەستبوون و خۆبەندی نەتەوەیی و نیشتمانیی وەرگرەکانی پەیام بدەن، سەرباری یارمەتیدانی کۆمەڵگەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. واتە، ڕاگەیاندن وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی کەلتوور و دابونەریتی کۆمەڵگەکەی بە تاکەکان دەناسێنێت، واتە لەم ڕێگەیەوە، ڕاگەیاندن بە گواستنەوەی ئەو داب و نەریت و بەها و شارەزاییانەی کە لە ڕابردووی کۆمەڵگەدا بوونی هەبووە و گەیاندنی بە نەوەی دواتر، پارێزگاری لە پێگە و ڕەسەنایەتی زمان و ناسنامەی خودی کۆمەڵگاکەی دەکات، بێ ئەوەی هیچ جۆرە لە ناوچوونێکی کەلتووری بێتە ئاراوە.(ڕێباز عزیز مُحَمّدامین، ٢٠١٧: ٤١)

لەلایەکی تریش، ڕاگەیاندن بە تایبەتی (کەناڵە ئاسمانییەکان) پێویستە لە ڕێی دەستور یان یاسایەکی تایبەت بە زمان، خۆبەندیی نەتەوەیی هاوبەش و هاوکەلتووری و هاوئامانجی لە نێو کۆمەڵ بەهێز بکات، کە ئەمەش وا دەکات ڕەنگدانەوەی لەسەر کەلتوور و زمان هەبێت، بەشێوەیەک کە زارپەرستی و کەلتووری ناوچەیی باڵادەست نەبێت.

١-٥-٣: سوودەکانی خۆبەندی

بنیاتنانی هەستی خۆبەندی لەلای تاکەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی، چەند سوودێک بە نەتەوە دەگەیێنێت، لەوانە:

١- ناسنامە( Identtity: خۆبەندی هەوڵ بۆ پاراستنی ناسنامە دەدات، لە بەرانبەریشدا ناسنامە بەڵگەیە لەسەر بوونی خۆبەندی، بەم شێوەیە ڕەفتاری تاک بە هەبوونی ناسنامە دەردەکەوێت، بەمەش خۆبەندی خۆی دەردەبڕێت.

٢- پێکەوەیی(collectivsm) : خۆبەندی جەخت لەسەر ئارەزووی پەیوەندیی بە کۆمەڵ دەکاتەوە، تاک لە تەنیایی دەردەهێنێت و بە ئامانجی گشتی دەبەستێتەوە، ئەوەی کۆمەڵ هەوڵی بۆ دەدات.

٣- دڵسۆزیی Loyalty)) : دڵسۆزی کرۆکی پابەند بوونە بە خۆبەندی، پشتیوانی لە ناسنامەی خود دەکات و تیشک دەخاتە سەر دڵسۆزیی و پشتگیری تاک بۆ کۆمەڵ و سەرەڕای ئەوەی لاگیری نیشان دەدات، لە هەمانکاتدا دڵسۆزیی گوزارشت لە بەرپرسیارێتی دوولایەنە و پارێزگاری تەواوەتی لێ دەکات.

٤- پابەندبوون(:Obligatio ڕێکخستن و پێوانەی کۆمەڵایەتی، جەخت لە

خۆگونجاندن و هاوئاهەنگی و کۆ دەنگی دەکاتەوە، هەروەها فشارێکی کارا بۆ پابەندبوون بە پێوانە و یاسا و رێسای کۆمەڵ و ڕەزامەندی دەربڕین بۆ هێنانەدی و کۆدەنگی و دوورکەوتنەوە لە ناکۆکی دەکات.

٥- هاوسۆزیی(Affiliation): واتە پێویستی چونەپاڵ (کۆمەڵ، خێزان، هاوڕێ، ...تاد)،گرنگترین و بنچینەیترین پاڵنەری مرۆڤە لە پێکهێنانی پەیوەندییەکان و پەیوەندیی دۆستایەتیدا، ئاماژەیە بۆ قەبارەی سۆز لە نێوان تاکەکان و ئارەزوویی خۆشەویستی و نەرمینواندن و رێزگرتنی یەکتر بە ئامانجی یەکبوونی کۆمەڵ. (حازم احمد الشعراوي، ٢٠١١: ٤٢- ٥٥)

جگە لەمانەش، خۆبەندی بۆ ناسنامەی نەتەوەیی ڕەهەندێکی فراوانتری هەیە، چونکە تەنیا خۆبەندی نییە، بۆ خێزان و خێل و نەژاد، بەڵکو لە هەمانکاتدا خۆبەندییە بۆ زمان و کەلتوور و بەرژەوەندی هاوبەش و مێژوو و جوگرافیای هاوبەش، کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەیەکەوە بەستنەوەی نەتەوە و پارێزگاری لە یەکگرتوویی زمان و کەلتوور و جوگرافیا و مێژووی هاوبەشی نەتەوە دەکات.

١-٦-١: جیهانگەرایی(Globalization) و ونبوونی ناسنامەی زمان

جیهانگەرایی کۆمەلێک پرۆسە و میکانیزم و تەکنەلۆژیای ئەلکترۆنییە، کە جیهان و گەل و نەتەوەکان بەرەو ئاوێتەبوون و یەکبوون و بەریەککەوتن دەبات، لە ڕووی یەکخستنی کەلتوور و بازار و سەرمایە لەیەک کۆمەڵگەی جیهانیدا. (مەریوان وریا قانع، ٢٠٠١: ٢٢) لە زمانی کوردیدا وشەی جیهانگەرایی لە بەرانبەر وشەی(Globalization) ی زمانی ئینگلیزی دەوەستێت، کە بنچینەکەی بۆ وشەی(Global)دەگەڕێتەوە، کە بەواتای گشتگیری شتێک و بەرفراوانی بازنەکەیەتی کە هەموو شتێک دەگریتەوە، لە زمانی عەرەبیشدا (العولمە)ی بۆ بەکاردێت، ئەم چەمکە لە ساڵی (١٩٦١) چۆتە نێو فەرهەنگی وبیسترەوە (اختر محققي، ٢٠٠٧: ١٢) بەهۆی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن، جیهان وەکو گوندێکی بچووک لێهاتووە. هەر وەک (مارشاڵ ماکلۆهان) کە لە تیۆردارێژە بەراییەکانی جیهانگیرییە، پەیوەندی دروستکرد لە نێوان ڕۆڵی ڕاگەیاندن و چەمکە تایبەتیەکەی خۆی بۆ جیهانگیری، واتە( گوندی جیهانی)، ئەمەش کەتوارێکی جیهانی نوێیە، هەموو کۆمەڵگەکانی گرتۆتەوە، کاریگەری گەورەی لەسەر بوار و کایە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەلگای مرۆڤایەتی هەیە، کاریگەرییەکانیشی بۆ هەموو کۆمەڵگاکان هاوتا نییە، واتە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەک جیاوازە، بەپێی ئاستی پێشکەوتنی شارستانیەتەکان. زمانیش وەک ناسنامەی گەلان لەم کاریگەرییە بێ بەش نییە، چونکە جیهانگەرایی خۆی بریتییە لە پرۆسەی پەیوەندی تاک و کۆمەڵگە لە ئاستێکی جیهانیدا، (احمد گل مُحَّمدی، ١٣٩١: ٢٠) بێگومان پەیوەندیش بەهۆی زمانێکی هاوبەش ئەنجام دەدرێت، بەمەش جیهانگەرایی فشارێکی زۆر لەسەر زمانەکانی جیهان دروست دەکات، لەبەرئەوەی زمانە سەرەکیی و باڵادەستەکانی (ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئیسپانی، چینی) لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ...هتد، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندیکردن وەکو زمانێکی جیهانی بەکار دەهێنرێن، ئەمەش وایکردووە کاریگەری لەسەر زمانانی جیهان دروست بکەن و ڕەنگە هەندێک زمان لاواز بکەن. (فەرهاد حاجی، ٢٠١٠: ٣٥-٣٦) لەبەرئەوەی جیهانگەرایی سنوری نێوان وڵاتان و نەتەوەکانی تێکشکاندوە و نەیهێشتووە، بەتایبەتی لە ڕێگەی تۆرەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و ڕاگەیاندن، کە ئەمەش وایکردووە، کاریگەری لەسەر ناسنامەی کەلتووری و ژیانی کۆمەڵگەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دروست بکات، ڕۆژ بەڕۆژ ناسنامەی کەلتووری لاوازتربێت و بیانگۆڕێت، (یوسف حسن حسین، ٢٠١٤: ٨٦) تەنانەت کاریگەرییەکانی جیهانگەرایی لەسەر زمان بە جۆرێکە وای لە هەندێک لە تاکەکانی مرۆڤ کردووە، لە زمانی دایک دووربکەونەوە. دەشێ ئەمەش ئامانجێک بێت بۆ پەیڕەوکردنی یەک زمانی لە داهاتوودا. هەرچەندە ئەم هەوڵانە شکستخواردون، کە زمانی مرۆڤایەتی بەرەو یەک زمانی بڕوات، چونکە زمانەکانی تری وەکو فەڕەنسی و چینی و ...هتد لەم بوارە لە ململانێدان لەگەڵ زمانی ئینگلیزی و جێ پەنجەشیان دیارە، بۆیە ئەستەمە هەموو زمانەکانی جیهان بکەونە ژێرکاریگەری یەک زمان، بەڵام کاریگەرییان بۆ سەر هەندێک زمان دەبێت، بە تایبەتی ئەو زمانانەی کە پێکهاتەی خاوەن زمان گرنگی و بایەخ بە زمانی نەتەوەیی نادات و پەراوێزی دەخات، بەجۆرێک کە لە سەرجەم بوار و کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستی و ئابووری و سیاسی و تەکنەلۆژی بەکاری نەهێنێت، کاریگەریی زیاتری لەسەر دەبێت، مەترسی لاوازبوون و توانەوەی لەسەر زیاتر دەبێت. بۆیە هەندێک لە کۆمەڵگەکان لەسەردەمی جیهانگەرایی بەرەنگاری مەترسیەکی گەورە بوونەتەوە، کە هەموو لایەنێکی گرتۆتەوە هەر لە (زمان، ئاین، کەلتوور، لایەنی کۆمەڵایەتی) ئەمەش دوای گەشەسەندنی بەرفراوانی تەکنەلۆژیا لە بواری پەیوەندی و ڕاگەیاندن و بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی کەناڵی ئاسمانی و بەهۆی پێشکەوتنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت، کە ئەمانە هەموو ئامرازن بۆ پەرەسەندنی دیاردەی جیهانگەرایی، ئەم مەترسیەش بە هۆکاری جیاواز بەسەرماندا سەپێنراوە، هەندێکیان بە دەستی خۆمانە وەکوو ئەوەی کە زمانێکی بیانی لە جیاتی زمانی نەتەوەیی بەکاربهێنن، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەکەمان، چونکە لەم ڕێگایە لایەنی کەلتووری و کۆمەڵایەتی بیانی دزە دەکات بۆ ناو کەلتووری نەتەوەیمان، ئەمەش وا دەکات کەلتوور و شارستانییەتی بیانی بە سەرسورهێنەر و پێشکەوتوو پیرۆزتر سەیر بکرێت لە بەرانبەردا کەلتوور و فۆلکلۆری خۆماڵی و ڕەسەن بە سووک و لاواز سەیر بکرێت. ئەمەش لە زماندا و لە کاتی ئاخاوتن زۆر بە زەقی هەستی پێ دەکرێت، بەشێوەیەکی بەرچاو وشەی بیانی بەکار دەهێنن بۆ خۆ دەرخستن و شانازیکردن بە کاریگەربوونیان بە زمانی بیانی. کاریگەربوون بە زمانی بیانی لە سەردەمی جیهانگەرایی تەنها لە خوێندن بە زمانە بیانییەکان بەدەرنەکەوتووە، بەڵکوو بڵاوبوونەوەی کەلتووری بیانی لە زۆر لایەنی ترەوە دەبێت کە ئەم کاریگەریەی لەسەر تاکەکان نەخشاندووە، تەنانەت ئەگەر زمانەکەش نەزانێت، کاتێک گوێ لە گۆرانی بیانی دەگرێت، هەر چەندە لێی تێناگات یان تەنیا بۆ لاساییکردنەوە لەسەر شێوازی بیانی هەڵسوکەوت دەکات. هەڵبەتە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکان ڕۆلی کاریگەر دەبینن، ئەمەش مانای ئەمە دەگەیەنێت کە کاریگەری زمانی بیانی لەسەر ونبوونی ناسنامە پشتگوێ نەخەین، (فلۆریان کۆلماس، ٢٠٠٩: ١٤) چونکە هەر وەک "سامۆئیل پ. هەنینتگتەن" لە بیردۆزەکەیدا پێشبینی کردوە، کە مرۆڤایەتی لە سەدەی بیست و یەک ڕووبەڕووی شەری کەلتوری دەبێتەوە.(سەلام ناوخۆش، ٢٠١٢، ١٠) بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی مامەڵە لەگەڵ زمانە بیانییەکان دەکەن، بەشێوەیەک باش ئامادەبکرێن، تاکو بتوانن ڕووبەڕووی ئەم شەڕە کەلتووریە ببنەوە، کە زمان توخمێکی سەرەکی و لایەنێکی گرنگی شەڕەکەیە، تاکوو نەتوانن کاریگەری خراپ لەسەر زمانی نەتەوەیی بکەن، بەڵکوو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ

زمانی بیانی مامەڵە دەکەن، کاریگەری ئەرێنی لەسەر زمان دروست بکەن.

هەبوونی دەزگای ڕاگەیاندنی جیهانی بە زمانە سەرەکییەکان جیهان، کە بوونەتە سەرچاوەی وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامە، بە زمانە بڵاوەکانی جیهانی وەکو (ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئیسپانی، چینی، روسی) بۆتە هۆی ئەوەی کاریگەری لەسەر زمانی ڕەسەنی نەتەوەکانی دیکە دروست بکەن.

ناسنامە لە ئێستادا بوەتە قوربانی ئەم تەکنەلۆژیا نوێیانەی کە دەرکەوتوون، کە هەموو ناوەندێکی بەهێز هەوڵدەدات، هەمووان بەدوای بکەون و لەسەر ڕێبازی ئەوان بڕۆن، لە ئێستاشدا ناوەندی بەهێز بەدەستی ڕۆژئاوایە بەهۆی جیهانگەرایی، هەروەها هەندێک هەوڵدەدەن بەرگری بکەن لە ناسنامەکانیان لە میانەی بەرپەرچدانەوەیەکی پێچەوانەوە، بەدەستگرتن بە ڕەسەنایەتی و دوورکەوتنەوە لەوەی کە ڕۆژئاوا بەرهەمی دەهێنێت لە ناوچەی بەکارهێنانەوە بۆ ناوچەی داهێنان، بەڵام ئەو داخرانە بەسەر خود و ڕەتکردنەوەی ئەوی تر بەو واتایە نایێت وەک ئەوەی (حەسەن حەنەفی) پێیدەڵێت ڕاستکردنەوەی هەڵە بەهەڵە ڕاستی دروست نابێت، بەڵکو دەبێت دووبارە بنیاتنانەوەی شوێنەوار و جێماوی کۆنی سەرەکی بۆ ڕۆشنبیریی نیشتیمانی بکرێت، بەجۆرێک بەربەستەکانی لابدات و هۆکارەکانی پێشکەوتنی جێگیر بکات، ئەمەش لەڕێگای نوێکردنەوەی زمانەکەی دەبێت لە زمانێکی داخراوەوە بۆ زمانێکی کراوە، هەروەها پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندیەکان، بەواتای داخران و چاولێکەری و دەستگرتن بەخود و دوورخستنەوەی ئەویتر و ترس لە ڕۆژگار نایێت، بەڵکو سەرەتا گرینگیدان بە (الأنا- من) پێش (الآخر- ئەویتر) و بەنێزیک پێش دوور، بە شوێنەوار و جێماو پێش هاتوو. (عیسی برهومە ، ٢٠١١: ؟)

کەواتە، کاریگەرییەکانی جیهانگەرایی لەسەر زمان، دوولایەنەیە، بەجۆرێک، کە لەلایەک هەندێک لە زمانەکانی کردۆتە زمانی نێودەوڵەتی و جیهانی، ئەمەش زەمینە خۆش دەکات بۆ خستنەڕووی ناسنامەی نەتەوەکە لە ژینگەیەکی جیهانی(یوسف حسن حسین، ٢٠١٤: ٨٨)، لەلایەکی تر ئەو کۆمەڵگایانەی شەڕی بەکارهێنان و گەشەپێدانی زمانی نەتەوەیی ناکەن، چالاکییە زمانییەکانی زمانی نەتەوەییان بەرتەسک بۆتەوە، لە چوارچیوەی زمانی ئاخاوتنی ماڵ و شەقام و گەرەک...هتد، جگە لە تێخزاندنی چەندین وشە و زاراوەی زمانە باڵا دەستە جیهانییەکان بۆ نێو زمانە ناوچییەکان. بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە لە لایەکی تریش جیهانگەرایی بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و جیهانی کە زۆربەی دەوڵەتەکانی نەتەوییان لە گۆڕەپانێکی سیاسی هاوبەشدا کۆکردۆتەوە و هەستی وابەستەبوونی بە کۆمەڵگەیەکی جیهانی دروستکردوە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ پاراستنی فرەزمانی و فرەچەشنی کەلتووری گەلان و دوورخستنەوەیان لە هەڕەشەی مردن و لەناوچوون، وەک نموونەی ڕێکخراوی یونسکۆ کە لە(١٧/تشرینی یەکەمی ١٩٩٩) بڕیاریدا، ڕۆژی ٢١ی شوباتی هەموو ساڵێک ببێتە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، بۆ پارێزگاری لە فرەزمانی لە جیهاندا. (تاریق جامباز، ٢٠١٤: ١٠٤)

١-٦-٢ : زمان لە نێوان ڕاگەیاندن و جیهانگەراییدا

تەلەفیزیۆنی ئاسمانی بە گرنگترین ئامرازی بە جیهانیبوونی دادەنرێت، هەروەها بەگرنگترین هۆکاری پەرەسەندنیشی دادەنرێت، چونکە بە هۆی شاشەیەکی بچووکەوە لە توانایدایە لە میانی ئامێری جلەوگیرکردنەوە بە هەموو جیهان هاتوچۆ بکات و شوێنێکی بچووک لەسەر زەوی نەمێنێت کە پەخشی کەناڵەکانی ئاسمانی لە ڕێگەی مانگە دەسکردەکانەوە پێ نەگات، توانیویەتی وەک ئامرازێکی جەماوەری بەربڵاو ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە گەیاندنی زانیاری و هەواڵەکاندا کە هاوکات بوونەتە هۆی پارێزگاری لە ناسنامەی تاک و کۆمەڵ بەجۆرێک کە خوێندەوار و نەخوێندەوار بەرنامەکانی ببینن. (مەحمود وەندی، ٢٠١٣: ١٧١)

ئەمەش بەشێکە لە پیشەسازی کەلتووری کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کەرستە کەلتووریەکان، کاتێک باسی پیشەسازی کەلتووری دەکرێت، مەبەست لێی ئەوەیە کەرەستەکان و خزمەتگوزارییەکانی وەک چاپ و بڵاوکردنەوەی بابەتە کەلتورییەکان و کەرەستەکانی مۆسیقا و بەرهەمهێنانی فیلم و کارەکانی ڕاگەیاندن بەرفراوانترین، گرنگترین پیشەسازی کەلتووریش بریتیین لە چاپ و بڵاوکراوەکان و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن، ئەم کەرەستە کەلتوورییانە خزمەتی ناساندن و بەرەوپێشبردن و بەهێزکردنی زمانی نەتەوەیی دەکەن.(یوسف حسن حسین، ٢٠١٤: ٣٥- ٣٦) بەمەرجێک ئەگەر خاوەنی پلانێکی زمانی دروست و سیاسەتێکی تۆکمە بن، چونکە جیهانگەرایی و زمانی نەتەوە دوو شتی دژ بەیەکن، لەگەڵ یەکتریدا لە بەریەکەوتن و ململانێدان.

ئەمرۆ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و دەسکەوتەکانی توانیویانە، بیر وهزری ژیانی هەموو تاکێک بە تایبەتی و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی بتەنن، هیچ میللەت و نەتەوەیەک ناتوانێت لە کۆت و بەندی تەکنەلۆژیا و بەتایبەتی جیهانگەرایی رزگاری بێت و بە دابڕاوی بژیت، یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵ کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری جیهانگەرایی زمانە، بەهۆیەوە لە ژێر ئەو کاریگەرییە زمان گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، چونکە ئەم تەکنەلۆژیایە پێویستی بە فێربوونی زمانی بیانی هەیە، بە تایبەتیش زمانی ئینگلیزی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی لەم بوارەدا زاڵە، دەیەوێت خۆی بەسەر فەرهەنگی زمانەکاندا بسەپێنێت، بەتایبەتی بەهۆی تۆڕەکانی ئینتەرنێت، کە لە سەرەتای دەرکەوتنی باڵا دەستی زمانی ئینگلیزی بەرێژەی(٩٥٪) بوو، بەڵام بەرە بەرە بەرەو کەمبونەوە ڕۆیشت، تا لە ساڵی(٢٠٠١) گەیشتە(٨٠٪)، بێگومان ئەمەش بەهۆی کێبرکێ و ململانێی زمانەکانی تر(عەبدولوهاب خالید، ٢٠١٠: ١٢٩). دیارە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر زمانی دایک هەیە، چونکە دەبینین زمانی ئینگلیزی بۆتە سەرچاوەیەک بۆ هاندان و تێگەیشتنی نێوان نەتەوەکانی جیهان، بۆتە زمانێکی هاوبەشی جیهانی، دەیەوێ خۆی بەسەر کەلتووری هەموو وڵاتاندا بسەپێنێت. (ئومێد بەرزان برزۆ و کەژاڵ جیهابخش محەمەد، ٢٠١٩: ١٠) خۆ ئەگەر بگووترێت با مرۆڤ دوور لەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە بژیت، ئەوا بێگوومان خۆمان دەخەڵەتێنین، چونکە ئەمە لە ژێر دەسەڵاتی هیچ کۆمەڵ و دەوڵەتێکدا نییە، چونکە ئەمرۆ جیهان دێیەکی بچووکە و تەکنەلۆژیا حوکمڕانی دەکات، زمانی ئینگلیزیش کە زمانی سەرەکی ئەو تەکنەلۆژیایە، لە ناو زۆر لە میللەتاندا شان بەشانی زمانی دایک منداڵ فێری دەبێت، بەڵکو لە هەندێک لە میللەتاندا شوێنی بە زمانی دایک لەق کردووە، ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر زمان، ئەم کەتوارە پێویستی بە ڕێگەچارەی زانستی هەیە، کە خۆی لە سیاسەتی زماندا دەبینێتەوە.(دارا حەمید و فاروق محەمەد رەزا، ٢٠١٣: ١١١) چونکە یەکێک لە کاریگەرییەکانی جیهانگەرایی لەم سەردەمەدا، دروستکردنی مەترسییە بۆ سەر زمانی نەتەوەیی، بۆیە پێویستە گرنگی بە زمانی کوردی بدەین، پەراوێزی نەخەین، هاوتەریب

لەگەڵ زمانی ئینگلیزی، گرنگی بە زمانی کوردی بدرێت.

هەموو کۆمەڵگایەک پێویستی بە ڕاگەیاندن هەیە، چونکە بەهۆیەوە ڕۆژانە هەواڵ و زانیاری و بەرنامە چێژبەخشەکانی میوانی ماڵەکانە، بۆیە ئەو وڵاتانەی کەناڵی تەلەفزیۆنیان هەیە، لە بەکارهێنانی زمانی بیانیدا بەهەڵەدا ڕۆیشتوون، پێویستە پێداچوونەوە بکەن بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیەیان، چونکە بەم کارەیان بەشداربوونە لە دروستکردنی ململانێی زمانی و بڵاوکردنەوەی زمانی بیانی و بەرزکردنەوەی، کاریگەری دروستکردووە لەسەر ناسنامە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە، هەروەها ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین کاریگەری ناڕاستەوخۆی ڕاگەیاندنە، بە شێوازە جیاوازەکانی، بەجۆرێک، کە دەبینین زمان بە شێوەزاری کۆمەڵایەتی بڵاو دەکەنەوە، ئەمەش بۆتە هۆی پێگەیشتنی نەوەی نوێ دوور لە زمانی ستاندارد ئەوەش بەهۆی هۆکاری دەروونی خراپ کە لە سینەیان پەیدابووە، بەرانبەر بە زمانی ستاندارد. لەبەرئەوەیە کە دەبینین ئاخاوتن بە شێوەزاری میللی و بازاری لە پێشەوە دێت و زۆر بڵاوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەیامێکە دژ بە زمانی ستاندارد. بەمەش تاکەکان کاتێک دەچنە قوتابخانە فێری زمانی ستاندارد دەبن، پاشان کە دێنە دەرەوە گوێدەگرن لە ڕاگەیاندنەکان بە زمانێک دەدوێن زۆر دوورە لەوەی خوێندویەتی ئەمەش دەبێتە هۆی لەتبوون لە کەسایەتی زمانی، چونکە ئەمە بنەمای دووانەی نەرێنیی بەهێز دەکات. (فلۆریان کۆلماس، ٢٠٠٩: ١١-١٢) ئەرکی کۆمەڵایەتی بۆ زمان لەوەدایە کە ژمارەیەک لە تاکەکان لە نێو کۆمەڵەیەکی تایبەت کۆ دەکاتەوە و یەکیان دەخات، ئەگەرچی ئێمە دەبینین کەوا هۆکاری دیکەی وەکوو  ئاین و کەلتوور و شوێن و ڕەگەز دەبنە هۆی هەمان ئەنجام، بەڵام هەر زمانە مانا یاخود ڕەهەندێکی ئەوتۆ دەبەخشێتە ئەو هۆکارانەی کەوا لە سەرجەم کۆمەڵەکانی دیکە جیایان دەکاتەوە، بۆیە لە میانەی زمانەوە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان دروشم و جێبەجێکردن و بیروباوەڕە ئاینییە جوراوجۆرەکانیان ناسیوە، هەروەها ئەو کۆمەڵگایانە بەشێوازی جۆراوجۆری زمان پەیوەندیان بەیەکترکردووە، بە شێوازی جۆراوجۆریش خزمایەتیان ناسیوە، خۆیان گونجاندوە و لەگەڵ ئەو شوێنە جوگرافیەی کەوا تیایدا دەژین.

هەرچەندە مەترسی کەلتووری جیهانی لە ئارادا نیە، وا نابیندرێت کە ڕۆژێک لەڕۆژان بەدی بکرێت، چونکە کەلتوور تایبەتە بەشێوازی ژیان و کۆی گشتی بەهاو کەرەستەکانی ماددی و گیانی(مەعنەوی) گروپێکی دیاریکراو.(انتونی گیدنز، ١٣٨٥: ٧٨٥) هەروەها هەر نەتەوەیەک شێوازی تایبەتی ژیانی خۆی هەیە، کە جیایە لە شێوازی ژیانی نەتەوەیەکی تر، بۆیە ئەوەی هەیە، فرە کەلتوورییە لە جیهاندا، هەر یەکەیان بەشێوەیەکی خۆڕسک کار دەکەن، بەتێکەڵبوونێک، بەویستی خاوەنەکەی و بەپارێزگاریکردن لە قەوارە و بنەماکانی تایبەت بەخۆیان. لەو کەلتوورانەش ڕەنگە هەبێت بەرەو داخران و چوونەوەیەک بچێت، هەشیانە لە کۆششە لەپێناو بەربڵاوی و فراوان بوون، هەندێکجار ڕەنگە کەلتوور هەبێت بچێتەوە یەک و بەرەو توانەوە و لەناوچوون بچێت، هەشیانە لە بەر بڵاوبووندایە.( محمّد عابد الجابري، ١٩٩٨: ١٤) بۆیە ئەرکی ڕاگەیاندنە، بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان، پەخشەکانیان سەرتاسەری بێت و هەموو جیهان بگرێتەوە، ڕۆڵی خۆیان ببینن، لە گەشەپێدان و پاراستنی کەلتور و زمانی نەتەوەیی بۆ پارێزگاری لە فرەزمانی و هەمەچەشنی کەلتووری لە جیهاندا.

ئەنجام

١- لەبەرئەوەی کەناڵە ئاسمانییەکان پەخشەکانیان سەرتاسەریە و زۆربەی وڵاتانی جیهان دەگرێتەوە، ڕۆڵی خۆیان دەبینن، لە بڵاوکردنەوە و گەشەپێدان و پاراستنی کەلتور و زمانی نەتەوەیی ئەگەر زمان بە دروستی تێدا بەکاربێت.

٢- کەناڵە ئاسمانییەکان لەلایەک (زمانی کوردی)یان لە بازنەیەکی جوگرافی بەرتەسک بردە دەرەوە، و نەتەوەی کوردی لە هەموو دونیا بەیەکەوە بەستەوە، و لەلایەکی دیکە زمانی کوردی بەم هۆکارە ژمارەی ئەرکەکانی فراوان بووە. ئەم پەرەسەندنەش کاریگەری لەسەر قسەپێکەرانی زمانی کوردی دروستکردووە، لەڕووی شێوازی دەربڕین و فراوانبوونی فەرهەنگی وشە.

٣- ئەم ئامرازە وەک چەکێکی دووسەرە، دەتوانێت باش یان خراپ بێت، بەپێی سیاسەتی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی کەناڵە ئاسمانییەکە، واتە، ئامرازێکی هەستیار و کاریگەرە، پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، لە ڕێگەی داڕشتنی یاسای تایبەت بە سیاسەتی زمان بۆ بواری ڕاگەیاندن بە گشتی و کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی.

4- زمانی کوردی تاکە ئامرازی ناسنامەی نەتەوەییە کە پێی لە نەتەوەکانی دەوروبەرمان جیادەکرێتەوە، بەڵام  کاتێک ئاخێوەرانی، یەکگرتوویی لە نێوان زار و شێوەزارەکانیدا نەمێنێت، لێکدورکەوتنەوە و لێکترازان و ململانێ لە نێوانیاندا لە پەرەسەندنداەبێت، بەمەش مەترسیەکانی سەر ناسنامەیی نەتەوەیی و یەکێتی نەتەوەیی زیاتر دەبێت.

٥- زمان هۆکاری بەهێزکردنی هەستی خۆبەندییە بۆ نەتەوە، هۆی یەکخستنی تاکەکانە وهۆی پەیوەست بوونی کۆمەڵە بە نیشتمان.

٦- کاریگەرییەکانی جیهانگەرایی لەسەر زمان بە جۆرێکە وای لە هەندێک لە تاکەکانی مرۆڤ کردووە، لە زمانی دایک دووربکەونەوە. بەجۆرێک کە لە سەرجەم بوار و کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستی و ئابووری و سیاسی و تەکنەلۆژی بەکاری نەهێنێت، کاریگەریی زیاتری لەسەر دەبێت، مەترسی لاوازبوون و توانەوەی لەسەر زیاتر دەبێت.

٧- کاریگەرییەکانی جیهانگەرایی لەسەر زمان، دوولایەنەیە، بەجۆرێک، کە لەلایەک هەندێک لە زمانەکانی کردۆتە زمانی نێودەوڵەتی و جیهانی، لەلایەکی تر ئەو کۆمەڵگایانەی شەڕی بەکارهێنان و گەشەپێدانی زمانی نەتەوەیی ناکەن، چالاکییە زمانییەکانی زمانی نەتەوەییان بەرتەسک بۆتەوە.

٨- یەکێک لە کاریگەرییەکانی جیهانگەرایی لەم سەردەمەدا، دروستکردنی مەترسییە بۆ سەر ناسنامەی زمانی نەتەوەیی.

٩- کەناڵە ئاسمانییەکان پەیامەکانیان بە شێوەزاری کۆمەڵایەتی بڵاو دەکەنەوە، ئەمەش بۆتە هۆی پێگەیشتنی نەوەی نوێ دوور لە زمانی ستاندارد، کە هۆکاری دەروونی خراپی هەیە، بەرانبەر بە زمانی ستاندارد. لەبەرئەوەیە کە دەبینین ئاخاوتن بە شێوەزاری میللی و بازاری لە پێشەوە دێت و زۆر بڵاوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەیامێکە دژ بە زمانی ستاندارد.

لستی سەرچاوە

یەکەم: بەزمانی کوردی

ا- کتێب:

١- بیرنارد کەمرێ و جێرید دایەمەند و دەوگ واڵن(٢٠٠٧)،زمان، و: کامیل محەمەد قەرەداخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٢- ئەرشەد خلیل شوانی(٢٠١٤)،ڕاگەیاندن و هوشیاری سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٣-بەکر عمر عەلی (٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر..

٤-تاریق جامباز( ٢٠١٤) ، بونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٥-حامد محەمەد عەلی(٢٠١٩)، گەشتێک بە جیهانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا(ڕەوشی میدیا لە هەرێمی کوردستان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦- حەبیب کەرکوکی( ٢٠٠٨ )،پێشەکییەک بۆ زانستی ڕاگەیاندن، و:ڕابەر ڕشید،چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٧- دارا حمید و فاروق مُحَمَّد رەزا(٢٠١٣)، زمانی دایک و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی، زمانی زگماک،لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیایی کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٨- ڕەشاد میران(٢٠١٠) ، چەند بابەتێکی ئێتنۆ– کۆمەڵایەتی، چاپی خانی، دهۆک.

٩-ڕەفیق سابیر(٢٠١٤)،بەستانداردکردنی زمان و ئەلفبێی کوردی، چاپی دووەم،چاپخانەی تاران، ناوەندوبڵاوکردنەوەی غەزەلنوس بۆچاپ و بڵاوکردنەوە.

١٠- سەلام ناوخۆش(٢٠١٣)، بەریەککەوتنی زمانەکان، چاپی یەکەم،چاپخانە؟، باشوور.

١١- سیاوەش گۆدەرزی(٢٠١٣)، نەتەوەیەک لە ئاسمان، کاریگەری تەلەفزیۆنە ئاسمانییە کوردییەکان لەسەر ناسنامە و زمانی کوردی، کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی (میدیا و پەروەردە)٢٠١٢ ، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١٢- عەبدولواحید موشیر دزەیی(د)(٢٠٠٩)، کاریگەری دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١٣- عەبدولواحید موشیر دزەیی(د)(٢٠١٤)، زمانەوانی دەروونی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

١٤-عبدالواحد موشیر دزەیی و شێرزاد سەبری عەلی سلیڤانەیی(٢٠١٣)، زمانەوانی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر.

١٥- ڕەحیم قادر سورخی(٢٠١٣)

١٦- فەرهاد حاجی(٢٠١٠)، دیاردا مرنا زمانان، چاپا ئێکێ، چاپخانا هاوار، دهۆک.

١٧- قەرەنی قادری (٢٠٠٩ )، کۆمەڵگە و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

١٨- قیس کاکل تۆفیق(٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٩-کامیار سابیر(٢٠٠٩)،لینگوافرانکای کوردی زمانی ستاندارد و فەرمی،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕەنج،سلێمانی.

٢٠- کامران مُحَمَّد ڕەحیمی(١٣٨٧)، بنەماکانی وشەسازی و وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چ ١٠، کۆڕی زانستی زمانی کوردی – ئێران، ئێران.

٢١- مەجید ساڵح(٢٠١٦)، ڕاگەیاندن و سیاسەتی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان – سلێمانی.

٢٢- مُحَمَّد معروف فتاح (د) (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٣- محەمەد معروف فتاح (٢٠١١ )، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٤- محەمەد ساڵح پێندرۆیی(٢٠١٠)،ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی،چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٥- محەمەد مەحوی(٢٠٠١)، زمان وزانستی زمان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆ، زانکۆی سلێمانی.

٢٦- مەحمود وەندی (٢٠١٣ )، ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە دواندنی کوردانی تاراوگەدا، و: ڕابەر ڕەشید، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.

٢٧- نەژاد عزیز سورمێ(٢٠٠٥)، ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢٨- نوری بێخاڵی(٢٠٠٦)،ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەگەری، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر..

٢٩- هەڤاڵ ئەبوبەکر(١٩٩٦)، چەند هەنگاوێک بەرەو ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەواڵ، سلێمانی.

٣٠- یوسف شەریف سەعید(٢٠١١)،زمانەوانی،کۆکردنەوەی نەریمان خۆشناو،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣١- مەریوان وریا قانع(٢٠٠١)، ناسیۆنالیزم و سەفەر، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

ب- نامە ئەکادیمییەکان:

٣٢- ئازاد ڕەمەزان عەلی(٢٠٠٥)، بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، هەولێر.

٣٣- ڕێباز عزیز مُحَمَّدامین(٢٠١٧)، ڕاگەیاندنی کوردیی و ئاراستەکردنی کۆمەڵایەتیی لاوان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئەدەبیات، هەولێر.

٣٤- یوسف حسن حسین(٢٠١٤)، کاریگەریی بەجیهانیبوون لەسەر کولتوور توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی مەیدانییە لە شاری هەولێر،نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر.

پ- گۆڤار:

٣٥- ئازاد ڕەمەزان عەلی (د)( ٢٠١٤)، کارامەیی لە زماندا وەک پێویستییەکی بێژەری ڕاگەیاندنکار، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە(٢٨) ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣٦- ئومێد بەرزان برزۆ و کەژاڵ جیهانبخش محەمەد(٢٠١٩)، جیهانگیریی زمانی و کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتوی شوناس نەتەوەیی و فێرکردنی زمانی کوردی، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی گەرمیان، خولی(٦) ، ژمارە(تایبەت)

به یەکەم کۆنفرانسی زانستی زانکۆی گەرمیان، بێ شوێنی چاپ.

٣٧- سالار عثمان(٢٠١٣) ،زمان و ڕاگەیاندن .. ئایا زمان ئامرازه یان ئامانج؟، گۆڤاری گوڵان، نوسخەی ئەلکترۆنی لە ٢٠١٣/٥/٨ دابەزێنراوە، =http://www.gulan-media.com/sorani/print.php?id

٣٨-شلێرڕەسول محەمەد و ساجیده عبدالله فەرهادی(٢٠٠٨)، سوێندخواردن له زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانسته مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، ژماره(٣٥)، هەولێر.

٣٩- ڕەشاد میران(٢٠١٨ )، زمانی کوردی وەک دیاردەکی ئیتنیکی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژماره(٤١)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٤٠- عبدالباقی صابر احمد(٢٠١٢)، ئینتما، و: جەلال بەهادین، گۆڤاری تاوی کۆمەڵایەتی، ژماره(٣٢)، هەولێر.

دووەم: بەزمانی عەرەبی

ا- كتاب:

٤١- ابى الفتح عثمان ابن الجنى( ٢٠٠٠)، الخصائص، الجزء الاول، مطبعة دار الكتب المصرية.

٤١- احمد زكى بدوى(١٩٩٣)، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، الطبعة الثانية، مكتب لبنان، بيروت.

٤٢- جون جوزيف (٢٠٠٧ )، اللغة و الهوية، ت: عبدالنور خراقى، ط١، مطابع المجموعة الدولية، دولة الكويت.

٤٣- هادى نهر(١٩٨٨)، علم اللغةالاجتماعي عند العرب، دارالغضون، بيروت.

٤٤- هادى نعمان الهيتى(٢٠٠٧)، فى فلسفة اللغةو الاعلام ، الدار الثقافية، القاهرة .

٤٥- هارالد هارتمان(٢٠٠٦)، تاريخ اللغات و مستقبلها، ترجمة: سامى شمعون، الدوحه.

٤٦- سهير جردات( ٢٠١٣)، دور الاعلام في التنمية اللغوية و تحقيق الهوية الوطنية، مقدمة للموتمر العلمي الثاني للغة الكردية بالفترة الواقعة بين ١٦- ١٨/ ٢٠١٢/١٢، کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی (پەروەرده – میدیا) ٢٠١٢ چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.

٤٧- سيد خضر (٢٠٠٣)، اللغة العربية، مشكلاتها و سبل النهوض بها، ط١، بدون دار نشر.

٤٨-عبدالعزيز شرف (د) (١٩٨٣) ، المدخل الى علم الاعلام اللغوى ، منتدى سور الازبكية ، القاهرة.

٤٩- عبدالرحمن بدوي( ١٩٩٦)، الموسوعة الفلسفية، ط١، الموسسة العربية للدراسات و النشر، ١٩٩٦.

٥٠- فاطمه حجاري و تلمسان(٢٠١٢) ، آراء الباحث الجزائري الآستاذ الدكتور صالح بلعيد في مسألة التخطيط اللغوي من خلال مولفاته و دراساته، اعمال الملتقى الوطني حول : التخطيط الغوي ٣-٤-٥ ديسمبر ٢٠١٢.

٥١- فردينان دى سوسور(١٩٨٥)،علم اللغة العام ، ت: يوئيل يوسف عزيز(د)، ،دار افاق عربية، بغداد.

٩٣- فلۆريان كوڵماس( ٢٠٠٩)، دليل السوسيولسانيات،ت: خالد شهب(د) و ماجدولين النهيبى(د)،الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة، ابيروت.

٥٢- مجمع اللغة العربية(٢٠٠٠)، المعجم الوجيز، الهيئة العامة لشوون المطابع الآميرية، القاهرة،مصر.

٥٣- محموداحمدالسيد (٢٠١٣)،الهويةواللغةالتعليم, الطبعةالاولى،مطابع نقابه المعلمين, دمشق.

٥٤- مراد عميروش و دليلة صاحبي وتيزى وزو (٢٠١٢)، آراء الباحث الجزائري الآستاذ الدكتور صالح بلعيد في مسألة التخطيط اللغوي من خلال مولفاته و دراساته، اعمال الملتقى الوطني حول: التخطيط الغوي ٣-٤-٥ ديسمبر ٢٠١٢، الجزء الثانى.

ب- الرسائل الآكاديمية:

٥٥- سحر كاظم حمزه الشجيرى(٢٠٠٢)،نظرية التواصل في النقد الادبي العربي الحديث،رسالةماجستر، كلية التربية، جامعة بابل.

٥٦- حازم احمد الشعراوي (٢٠٠٨)، اثر برنامج بالوسائط المتعددة على تعزيز قيم الانتماء الوطني و الوعي البيئي لدى طلبة الصف التاسع، رسالة ماجستير، جامعة الاسلامية، كلية التربية ، قسم المنهاج و تكنلوجيا التعليم، غزة.

٥٧- حنان اسماعيل احمد عمايرة (٢٠٠٤)، التراكيب الاعلامية فى اللغة العربية ،رسالة دكتورا، الجامعة الاردنية، كلية دراسات عليا.

ج- المجلة و الجريدة:

٥٨- شاهر اسماعيل الشاهر( ٢٠١٩)، في جدلية العلاقة بين وسائل الإعلام والسلطة، مجلة دراسات الاعلامية، دوريه دولية محكمة، المركز الديمقراطى العربى، العدد السابع مايو/ايار ٢٠١٩، برلين، المانيا

٥٩- فاديةالمليح حلوانى(٢٠١٥)، لغة الاعلام العربى، مجلةجامعة ديمشق، المجلد ٣١،العدد الثالث،ديمشق له ٢٠٢٠/٩/٩.

٦٠-عفيف البوني(١٩٨٣)، في الهوية القومية العربية، مجلة المستقبل العربى ،العدد ٥٧، نوفمبر ١٩٨٣.

٦١- مُحَمَّد عابد الجابري (١٩٩٨)، العولمة والهوية الثقافية١٠ آطروحات، مجلة الجابري، العدد 6، (18) فبراير 1998 ، بدون دارنشر.

د- المواقع الالكترونية:

٦٢- عبدالله بن ناجي ال مبارك(د) (٢٠٠٤)، قراءة في مفهوم الانتماء الوطني ، نسخة الآكترونية من صحيفة الرياض اليومية الصادرة من موسسة اليمامة الصحفية- المقالات،العدد ( ١٣٣٣٨) riyadh.com www.Al

٦٣- عيسى برهومه(٢٠١١)، جدل العلاقة بين اللغة والهوية، /جدل-العلاقة-بين-اللغة-والهوية-/https://alghad.com

سێیەم: به زمانی فارسی

٦٤-ايراندخت فياض و فريبا ايمانى قوشچى (١٣٨٩) ، بررسى نمادهاى هويت ملى در كتاب هاى درسى تاريخ و علوم اجتماعى دوره متوسطه رشتەهاى علوم انسانى، تجربى و رياضى فيزيک در سال ٨٩- ١٣٨٨، روانسناسى تربيتى ٢٩- ٦٤.

٦٥- مُحَمَّد رضا باطنى(د)(١٣٩٠ )، زبان و تفكر (مجموعة مقالات زبان شناسى) ،چاپ دهم ، مركز پخش: كتاب گزيده، نشر آگاه، تهران.

٦٦- احمد گل مُحَمَّد(١٣٩١)، جهانى شدن فرهنگ و هويت، چاپ پنجم، نشر نى، تهران.

٦٧- انتونى گيدنز(١٣٨٥)، جامعەشناسى ، ت:منوچهر صبورى، چاپ هفدەهم، نشر نى ، تهران.

چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی
), Allttle B ook of Language, First 2010David Crystal (-
– published , Yale ,university prees
),Language as social semiotic,the 1978Halliday,M.A.K,(-
.social intertation of language and meaning,Hariland
), Written Language, Standard 2003HALLIDAY,M.A.K(-
..pp4,No.22Language, Global Language,World Englishes,vol.
) Understanding Media.London 1964MCluhan,Marshall (-
and New York: (Available:
.http://robynbacken.com/text/nw_research
),The Oxford lllustrated 1979coulson.j Carr.C.T( -
.Dicioonary,Fifth Edition,New York

Abstract

This research is an excerpt from one of the chapters of a PhD thesis entitled (Language policy and its plan in the media - Kurdish satellite channels in the Kurdistan region as a model). In this research we tried to shed light on the problems related to the use of language in satellite channels, because most researchers agree that a language The media is the fourth authority, and satellite channels are among the most important and influential channels in the field of media. It is one of the sensitive areas in embodying the linguistic reality, despite the fact that satellite channels have a positive aspect in that it is an important means for the spread of language throughout the world, and it also contributes to modernizing the lexicon of language and preserving the unity of the language and the method of writing and keeping it circulating among people. It has its .downsides if the language does not have a well-planned use

We assume that the use of the Kurdish language in satellite channels faces many problems, especially because there is no complete agreement about the use of the standard language and the standard writing method, or a specific alphabet. I .hope we can diagnose the causes behind these problems

Key words: language, media, satellite channel, identity, globalizatio